YEKBUN

# یەکبوون

UNITED کوردستان KURDISTAN

**کوردستان یەک نیشتمان و کورد یەک نەتەوەیە و دابەشکراون**

بەفرانباری ٢٧١٢ یەکبوون ژمارە : ٣٣ December : 2012









* سیاسەت و جوانناسی ........ نۆئیل کارۆڵ .......... وەرگێرانی هاورێ یوسفی ............. لاپەرەی ........ ٢
* پێویستی پێناسە کردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی ............ وریا رەحمانی .......... لاپەرەی. ٥
* نەتەوە بێ دەوڵەتەکان ... (فەلەستین) .............ئامادە کردنی سەرکەوت جەلیل ..............لاپەرەی ٧
* سیمبۆڵی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری پەشێو دا(٢) ............. هەڵۆ محەممەد ............. لاپەرەی ١٢
* مێژووی مەسیحییەت ................... ویکیپیدیا .........................لاپەرەی ١٦
* رۆژژمێری مانگی بەفرانباری ٢٧١٢ی کوردی .......... ئامادە کردنی رەحمان نەقشی ............ لاپەرە ٢٠

# سیاسەت و جوانناسی



نۆئێل کارۆل

و. هاوڕێ یوسفی

هونەرو سیاسەت بەردەوام له درێژەی مێژوودا لەگەڵ یەک پەیوەندییان هەبووە پێشینەی ئەم پەیوەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ڕێکخراوە سیاسیەکان. لە سەرتاسەری ژیان کەونینەکاندا، شیعرەکان، پەیکەرەکان و ئەو بنیانانە دەدۆزینەوە کە یادو یادگاری فەرمانڕەواکان، سەربازەکان و ئەو جەنگانە ڕێز لێدەگرن، کە لە شکاندنی ڕەوتی مێژوو دا بەشیان هەبووە. جیا لە پێشینەی پەیوەندی مێژوویی هونەرو سیاسەت، هونەر لە ئێستاشدا بەردەوام ڕۆڵی بابەتی و کاریگەری خۆی لە جیهانی سیاسەتدا دەگێڕێت ؛ نموونەکانی لە هەموو شوێنێکداو لە هەموو ئاستەکاندا،لەو تەمرانەی بۆ بۆنە جۆرواجۆرەکان لە چاپ دەدرێن بگرە تا بینای یادی جەنگی ڤییەتنام لە شاری واشینگتۆن و ئەو بینایانەی کە وەک پێنتاگۆن ڕەنگدانەوەی عەزەمەتی دەسەڵاتی دەوڵەتن، دەبینرێن .

هونەرو سیاسەت لە جیهانی فەلسەفەشدا لە کۆنەوە پەیوەندییان بووە . لە کۆماری ئەفلاتوندا _ کە لەوێدا یەکەم ڕووبەڕوو بوونەوەی تیۆریک لەگەڵ هونەر لە سوننەتی ڕۆژئاوایدا _ لە سانسوری سیاسی هونەرەکان، بە پێی بەرژەوەندیەکانی دەوڵەت، بەرگری دەکرێت.

لەوێوە کە لە نێوان هونەرو سیاسەتدا بەردەوام پەیوەندی تیۆری و عەمەلی ئامادە بووە سروشتییە کە پەیوەندیەکانیان شکڵەکان و جۆراوجۆری هەمە چەشنیان هەبووە بۆ ئەوەی لە کۆمەڵەی پڕ چەشنی کارکردەکانیاندا نەزمێک دابمەزرێنن، دەتوانن توێژینەوەی خۆمان لە دەورووبەری دوو پەیوەندی سەرەکیدا دەستپێبکەین، کە بریتییە لە پەیوەندیەکی وەستاو لەسەر پشتگریکردن و پەیوەندی وەستاو لەسەر ڕووبەڕوبوونەوە دا. ئەم دوو پەیوەندیە چوار ڕەوشت بەرهەمدەهێنن(کە هەڵبەت نە خاوەن گشتیەتیێکی کامڵن و دەشکرێت):ئەم چوار حاڵەتە بریتین لە :

١- هونەر لە پشتگریکردنی سیاسەتدا

٢- هونەر لەبەرانبەر سیاسەتدا

٣- سیاسەت لە پشتگریکردنی هونەردا

٤- سیاسەت لە بەرانبەر هونەردا. بە کەڵکوەرگرتن لەم چوار حاڵەتە دەتوانین سامانێک لە بنەڕەتیترین پەیوەندیە کارکردەکیەکانی سیاسەت بەرهەم بهێنێت . هونەرلە پشتگیریکردنی سیاسەتدا وەها کەلەم خوێندنەوەیەدا، سیاسەت بە چەمکە سنوردارەکەی لەبەرچاو بگرین _واتە نمونەکەی لە ڕێکخراوە سیاسیە فەرمیەکانی وەک دەوڵەت،ڕێکخستنە سیاسیەکانی وەک حیزبە سیاسیەکان، گریمان بکەین لەو شێوەدا یەکەم ڕۆڵی هونەر لە پەیوەندیدا بە سیاسەتەوە، ڕۆڵێکی پۆزتێڤ و نۆکەر ئاسایە.

هونەر لەم حەڵەتە دا، کۆمەک دەکات بە بەرەو پێشبردنی ئامانجەکانی دەوڵەت، سیستەمەکانی سەڵتەنەت، چینەکان و دەستەبەندیە سیاسیەکان. هونەرێک کە دلێرایەتی و توانایيە سەربازیەکان گەورە ڕادەگرێت،وەک ئەو بینا یادگارانەی کە لە مەیدانی ئازادی لە بوودابێستدا بەرپا دەبێت، هونەرێکی سیاسییە لە خزمەت دەوڵەتدا. ئەو شێوەکارانەی کە یاسا داڕێژە مێژوویيەکان، سەردارەکان، دامەزرێنەرانی شارەکان، وێنەکانی جەنگ دەنوێننەوە؛ شیعرە حەماسیەکان پێشینەیەکی شکۆداری میللەت دەگێڕنەوەو زۆرجاران لە نێوان ڕژێمە هەبووەکانداو ڕژێمە خۆش یادەکانی پێشوودا پەیوەندیەک ساز دەکەن، هەمووی ئەمانە لەو هونەرانەنن کە لە خزمەت سیاسەتدان. وێنەی تەمرەکان و دراوەکان هەر ئەم کارکردەیان هەیە. هەروەها حکومەتەکان بۆ دروستکردنی وێنەیەکی شکۆدار لە خۆیان، لە بیناسازی کەڵک وەردەگرن و بینا گەورەکانی وەک کۆشکەکانی دادپەروەریو بینا پان و پتەو بۆ ئیدارەکانی ناوەندی بانکەکان و ڕێکخراوەکانی دیکە بەرپا دەکەن. هونەر دەتوانێت باوەڕپێکراویی و عەزەمەتێک ببەخشێتە بینا دەوڵەتییەکان. هونەرێک کە لە خزمەت دەوڵەتدایە زۆرجاران ڕۆڵی شەرعیەت بەخشی هەیە.وێنە هونەرییەکان دەتوانن کۆمەڵێک پەیوەندی لە نێوان حکومەتی هەبوو لەگەڵ ڕژیمی پێشیندا دروستبکەن تا لەم ڕێگەوە جۆرێک ئەرێنی مێژوویی بۆ حکومەتی هەبوو لە دایک بێت .هەر لەبەر ئەمەش بوو کە مۆسۆلینی لەو وێنە تبرزینی کە پلەدارانی ڕۆمی کۆن وەک هێمای دەسەڵات بە دەستیانەوە دەگرت،وەک نیشانی فاشیزمی ئیتالیا بەکار هێنا. هونەر لە خزمەت دەوڵەتدا، بۆ نواندنەوەی ئایدیالەکانیش کەڵکی لێوەردەگیردرێت. بۆ نموونە، شێوەکارییە ریالیستە سوسیالیستیەکاندا، کرێکاران بە ماسولکەی زلترو بەهێزترەوە لەوەی لە کرێکارە واقیعیەکانی کارخانەکاندا دەبینرێن، دەکێشرێن. هونەرمەندان دەتوانن هەروەها لە بەرنامە سیاسیە تایبەتە دیاریکراوەکان پشتیوانی بکەن، بە جۆرێک هونەرمەندان خۆلێکەوتن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان، خۆشگوزەرانیە کۆمەڵایەتیەکان وەکواقیعێکی قەبوڵکراوەو پاساو هەڵگر دەکێشایەوە.

ڕژێمو بزووتنە سیاسیەکان پێویستیان بە ڕاوەستاوی لەلایەن شارۆمەندانە پەیوەندیدارەکانیان هەیە. هونەر، لەشێوە باوەکەیدا، ئەو هێمایانە بەرهەم دەهێنن کە پێکەوەیی دەتوانێت لە دەورووبەری ئەوان سەرچاوە بگرێتو چڕۆ بکات. تەنانەت دیمۆکراسیە لیبراڵەکان، وەفاداری بۆ هەندێ لە بەها بنچینەییەکانی وەک بەرابەری لە بەرانبەر قانونو (لێبوردەیی) دروستدەکەن. هەر بەم هۆیەوەیە کە هونەری لیبراڵ زۆرجاران بەرزکردنەوە و پشتیوانیکردنی هەستە بەرابەری خوازەکان دەخاتە ڕیزی ئامانجە بەهادارەکانی خۆیەوە.

چەند هەوڵێک لە سەدەی بیستەمدا دراوە کە هونەر لە خزمەت سیاسەت شتێکی نیوە عەمەلی بگرێتە خۆی _ ئەمجۆرە لە هونەر ناونراوە پڕوپاگاندا. چەمکی پڕوپاگاندا بۆ خۆی خاوەن دوو واتایە: واتەیەکی پۆزەتیڤ و واتایەکی نیگەتیڤ (دەبێت سەرنجبدەینە ئەوەی واتای نانیگاتیڤ بەرانبەر بە مانای پۆزەتیڤ نییە.) پڕوپاگاندە کاتێک واتای نیگەتیڤ دەگرێتەخۆی کە بە نیازی فریودان و قەڵب کردنی واقیع بەکاربهێنرێت و ببێتە هۆی گومڕاکردن و چەواشەکردنی بەردەنگ. پڕوپاگاندە لە پانتایی سیاسەتیشدا کاتێک مانای نیگاتیڤ وەردەگرێت کە پڕوپاگاندەچییەکان بۆ بەرەو پێشبردنی مەبەستە سیاسیەکانیان پێویستیەکانی چەواشەکردنی گشتی فەراهەمو بەردەنگەکەنیان چەواشە بکەن .

لە لایەکی دیکەوە، پڕوپاگاندە دەتوانێت بە شێوەیەکی سەریح بە کەڵکوەرگرتن لەشێوە بە قەناعەت گەیاندنە هونەرمەندانەکان بۆ گواستنەوەی کاریگەری پەیامە سیاسیەکان لە ئاراستەی گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان ئەنجام بدرێت. لەوەها حاڵەتێکدا پڕوپاگاندەکان بە مانایەکی پوزەتیڤ دەزانرێت، هەرچەندە بە سادەیی ناتوانرێت دیاریبکەین کە پڕوپاگاندەکان زۆرتر خاوەن مانای نیگەتیڤن .

تاکو ئێرە سیاسەتێک کە هونەر لە خزمەتیدا بووە، بە چەمکە باریکو سنووردارەکەی لەبەر چاو(مان) بووە. هەندێک لە ڕەخنەگرانو تیودارێژەران «سیاسەت» بە چەمکێکی بەرفراوانتر دەزانن، کورتی ناکەنەوە بۆ چەند ڕێکخراوی سیاسی دیاریکراو (وەک ڕژێمە سیاسیەکان، حیزبەکانو هتد)، بەڵکو دەلالەتەکانی پەرە دەدەن بۆ کۆمەڵگا لە ئاستی گشتیدا . هەڵبەت هونەر لەوێدا کەوەک گەیەنەرێک بۆ گواستنەوەو دەنگدانەوەی بەهاو باوەڕە کۆمەڵایەتیەکان عەمەل دەکات دەکەوێتە خزمەت کۆمەڵگا لە چەمکە گشتیەکەیدا .دەتوانین تیۆری ئەم کارکردە کۆمەڵایەتییەی هونەر ناوبنێین تیۆری نواندنەوە یان

دەنگدانەوەی(refection theory of art).

هونەر زۆربەی ئەو باوەڕو بەها کۆمەڵایەتیانەی کە لێوەی هاتوەتەدەرەوە دەکاتە پێشگریمانەی خۆیو خوێنەران، بیسەران و تەماشاچییەکان دەبێت لە پرۆسەی تواندنەوەو هەزمی بەرهەمە هونەرییەکانی بەرباس، لەم پێشگریمانانە غافڵ نەبن. لەم ڕێگەیەوە، بەرهەمە هونەرییەکان دەتوانن نەک تەنیا باوەڕو بەهاکانی کولتوور لە چەمکە گشتیەکیدا بنوێننەوە، بەڵکو ببنە هۆی پتەوکردن و تەقویەتیان.بۆ نموونە، هونەردەتوانێت ئەو ئامانجە کۆمەڵایەتیانەی ڕەهبەریو حوکمڕانی کە باڵادەستن و حاکمن، تەنانەت لە چیرۆکەکانو فیلمەکانىدا، کە بەڕواڵەت پەیوەندیەکیان بە سیاسەتەوە نیە، بنوێنێتەوەو پتەوی بکات. زۆربەی ڕەخنەگران، بە تایبەت لە دەیەی ١٩٦٠ بەدواوە، ڕۆڵی هونەر لە بڵاوکردنەوەو گواستنەوەی کولتووردا، وەک کارکر(دێکی) سیاسی تێدەگەن.

هەڵبەت دەتوانین لەم بارەوە شوێن دیدگایەکی سنوردارتر بکەوین. چما ئەم بۆچوونە پەسەند نەکرێت کە هەموو لایەنەکانی هونەر لەگەڵ پرسە سیاسیەکان دەرگیر ببن. لەوانەیە کەسێک بیەوێت تەنیا ئەو بەرهەمە هونەریانە لە بەرچاو بگرێت کە ئەندێشە، باوەڕ، بۆچوون، سۆزداری و ئارەزووە درۆیینەکان (یان لە ڕووی مەعریفەناسییەوە، سەقەت) پەرە بدەن و بڵاوی بکەنەوە، کە ئەو پەرەکەیان پتەوکردن و پەسەندکردنی جۆرێک سەپاندنی سوڵتەی کۆمەڵایەتییە. ئەم بۆچوونە، پەیوەندی هەیە بە کارکردی ئایدۆلۆجیکی هونەرەوە.

ئەم بۆچوونە خزمەتکردنی هونەر بۆ ئەو پانتایانە پاندەکەنەوە کە کەمتر لە ڕژێم و حیزبەکان شێوەو شوناسی فەرمییان هەیە. ڕێگەیان دەدات کە دەربارەی ئایدۆلۆژیەکانی (وەک) هەڵاواردنی ڕەگەزی، خەبات دژی هاوجنسبازی و خەڵک سالاری دیالۆگ بکرێت. ئەم بۆچوونە، لە عەینی حاڵدا، لە تیۆری نواندنەوەی هونەر پانتایەکی دیاریکراوتری هەیە، چونکە هەر بابەتێک لە ئاستی سیاسی بەگرنگ نازانێت. ئیدئۆلۆگیش جیاوازە لەگەڵ پڕوپاگەندەچی(لە چەمکە نیگاتیڤەکەیدا)، پڕوپاگەندەچی ئەمکارە بەمەبەستێکی دیاریکراو لە خزمەت ڕێکخراوێکی عەلەنی ئەنجامدەدات لە کاتێکدا لەم ئاسۆگەیەوە ئایدۆلۆگ پێویست نییە هیچ یەک لەم مەرجانە بێنێتەدی، لەوانەیە کەڵکدار بێت کە پڕوپاگەندەش (لەواتەنەرێنیەکەیدا )وەک یەکێک لەژێر چڵەکانی ئایدیۆلۆژی بهێنینە ئەژمار.

باسی ئێمە دەربارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە هونەر بۆ سیاسەت ئەنجامی دەدات زیاتر جەختی لەسەر ناوەرۆک(یا قاڵب) کردووە. کەواتە لە سەدەی بیستەمدا نەک تەنیا کۆمەڵە پرسێک دەربارەی بەکارهێنانی ناوەڕۆکی هونەر بۆ بەرەوپێشبردنی باوەڕو خۆشەویستیە سیاسیەکان، بەڵکو دەربارەی ئەو شێوەو ئامرازانەی کە هونەر بۆ ئەم مەبەستە بەکاری دەهێنێت، هێنراوەتەئاراوە. بزوتنەوە شۆڕشگێڕانەکانی وەک، مارکسیزمی یەکیەتی سۆڤیەت، هونەرمەندانێکی زۆری بەرهەمهێناوە کە ئامانجەکانیان ئافراندنی قاڵبەکان و ستایلە نوێیە هونەریەکان بۆ ئامرازی کاریگەرو هاوتەکی پێشکەوتنە کارداڕێژەکانی وشیاری شۆڕشگێڕانە بووە_ هەروەها لێرەشەوەیە کە بزوتنەوەی کۆنستراکتیڤیزم سۆڤیەتی پادەگرێت. بەمانەوە، وەها هەوڵێک زۆرجار زۆربەی ڕادیکاڵە سیاسیەکان وەک ڕەوتە فۆرمالیستیەکان سەرکۆنەکراون، ئەو ڕادیکاڵانەی کە ڕیالیسم وەک جۆرێکی ڕاستی هونەری سوسیالیستی لەسەر ئەم بونیادە بەرگریان کردووە کە هەرچەندە بە بوونی ڕەچەڵەکە بورژواییەکەیەوە ئینکار ناکرێت، ئەو هەمان ئەو شتەیە کە خەڵک تێیدەگەن و، بەمپێیە، لە ڕووی سیاسیەوە، ڕێگەو کەرەسەی لەباری خزمەتە پێیان. بێرتولت برێشت و سێرگی ئازینشتاین نوێنەرە بەناوبانگەکانی هێڵی فۆرمالیستین گێورگ لووکاچ(یش)تیۆرداڕێژی بەرجەستەی ڕیالیزمی سۆشیالیستییە.

## هونەر لە بەرانبەر سیاسەتدا

ئاشکرایە هونەر دەتوانێت لەگەڵ ڕژێم یان بلۆکە سیاسیە بیانیەکان بەرانبەر بێتەوە، هەرچەندە بەم چەمکە لە بەرانبەری یان ناکۆکی سیاسی، بەرانبەری لەگەڵ ڕژێمێک دەتوانێت بە سانایی وەک خزمەتێکی سیاسی بۆ ڕژێمێکی دیکە تەعبیر بکرێت. بەمپێیە لە پێداچوونەوەی هونەر لە بەرانبەر سیاسەتدا، باشترین شێوە ئەوەیە کە بەرانبەری هونەر لەگەڵ ئەو یەکە سیاسیە لەبەرچاو بگیرێت، کە پێوەی گرێدراوە، بۆ نموونە وەک دواین شام، لە کەپری مامە تۆمدا/ سەرزەمینی مەوعوود بەرهەمی بیل تی. جۆنز.بەم سیاقەیەوە تابلۆی لە سێدارەدانی سێهەمی مەی ١٨٠٨ بەرهەمی گۆیا، لە بنەڕەتدا وەک خزمەت بەوڵات پەرەستی ئیسپانیایی دەزانرێت، لەهەمانحاڵدا لە ڕۆژئاوادا هیچ هەواڵێک نییە بەرهەمی ماریا ڕێمارک، بە دژایەتی لەگەڵ جەنگ وەک ئامرازێکی سیاسی لە ئاستێکی گشتیدا، کە ماشێنی جەنگی ئەڵمان نموونەیەکە لێی، تەعبیر دەکرێت. هونەر لەبەرانبەر سیاسەتدا دەتوانێت ناوی هونەری ناڕازی، هونەری دژە ڕژێم (ڕووخێنەر)یان ڕەخنەی کۆمەڵایەتیش بگرێتەخۆ. هونەر وەک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت سەریح یان پاڵەکی بێت یان دەتوانێت بابەتێکی بەرفراوان یان بابەتێکی سنووردار بکاتە مەبەست نیشان، ڕەخنەی کۆمەڵایەتی کاتێک ئامانجێکی سنورداری هەیە کە یەکە سیاسیە فەرمیە دیاریکراوەکانی وەک دەوڵەتەکان و حیزبە سیاسیەکان لەبەرچاو بگرێت . کاتێک ئامانجەکەی بەرفراوانە کە کۆمەڵگا یان کولتوور لە چەمکە بەرفراوانەکەیدا ( یان لەنیکەم بەشە بنەڕەتیەکانی، وەک کولتووری بورژوا یان ئایدۆلۆژی باوکسالاری) سەرنجبدا.

وەک نموونەیەک بۆ ڕەخنەی کۆمەڵایەتی سەریح، بە ئامانجی سنووردارەوە، فیلمی El Norte شایانی باسە کە بە سەراحەت هێرش دەکاتە سەر کۆچکردن لە ئامریکاو ستەمی ئەم سیاسەتە دەردەخات . کتێبی بۆڵەکانی تووڕەیی بەرهەمی جان شتیان بەک (زۆر) بە سەراحەت پرسێکی کۆمەڵایەتی کە هەڵگری ناسینە ڕەخنە دەکات. لە لایەکی دیکەوە، ڤاگۆنی دەرجە ٣ بەرهەمی ئۆنۆرە دۆمییە(کارکاتێریستی فەرەنسی) نە کردارە کۆمەڵایەتیە جیاکراوەکان، بەڵکو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هەژاران لە ئاستی گشتیدا دەخاتە بەردەم ڕەخنەوە هەر لەم قیاسەدا، شێوەکاری ئێکسپێرسیۆنیستی ئەڵمان چما جیهانی کۆمەڵایەتی هەبوو لە ئاستی گشتیدا، نەک سیاسەتی ئەم وڵات یان ئەو ڕژێمی دیاریکراو، دەخاتەبەر ڕەخنەوە .

لە ڕاستیدا لە سەرتاسەری سەدەی بیستەمدا، زۆربەی هونەرمەندە ئاوانگاردەکان، هونەریانوەک جۆرێک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی زانیوە. قوتابخانەی دادایی بە ڕوونی خویەکی ڕەخنەگرانەی هەیە، بەڵام ڕەخنەی ئەو پەیوەندی بە هەموو شتێکەوە هەیە (یان هەموو شتێکی بورژوایی ) نەک شتێکی تایبەت. بەشی هەرە زۆری هونەرمەندانو ڕاڤەکارانی هاوچەرخ کارکردی هونەر، یان لانیکەم هونەری بەرزەفڕیان بەردەوام بە جۆرێک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی زانیوە کە دیاردە گەورە کۆمەڵایەتیەکانی وەک سەرمایەداری، هەڵاواردنی نەژادی، هەڵاواردنی جنسی و هۆمۆ فۆبیا دەکەنە ئامانجی هێرشەکەیان . چەمکی ئەم قسەیە ئەوە نیە کە هونەرمەندانی هاوچەرخ ناوازەیە سەرقاڵی ڕەخنەبن لەو سیاسەتە دیاریکراوو ڕژێمە سیاسیانەی هەڵگری ناسینن، بەڵکو دەیەوێت بڵێت وێناکردنی ئەوان بۆ سیاسەت زۆر جاران بەرفراوانترە لەو شتەی بە حکومەتێکی تایبەت و حیزبە سیاسیە دیاریکراوەکان سنووردار بکرێت . هەندێک کات هونەرمەندەکان هێرش دەکەنەسەر کەسێکی وەک سێناتۆر جێسی هێلمز _وەک پاول شمیت لە شانۆنامەی وانی حەمەمدا _ بەڵام ئامانجی گەورەتر و سەریحتری زۆربەیان «ئەمریکا»یە.

ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەتوانێت بەشێوەیەکی پاڵەکی (نەخوازراو) لە هونەردا بهێندرێتە ئاراوە. ڕەنگە هونەرمەندێک پرسو کێشەکانی کۆمەڵگایەک دەربخات لەگەڵ ئەوەی ئاگای لەوە نەبێت وەها کارێک دەکات.لوکاچ دەڵێت کە نووسەرێکی کۆنزەڤاتیڤی وەک باڵزاک، کۆمەڵگای فەرەنسە لە چیرۆکی کۆمێدیای مرۆیی خۆی بە جۆرێک وێنا کردووە کە چما ئەوەی لە ئاسۆگەی سوسیالیستییەوە بینیوە. هەندێک لە تیۆرداڕێژەرانی ستراکچرالیست، وەک پییەرماشێری و لیۆ ئاڵتوسێر، لەوانەیە بە تەقلید لە هەڵسەنگاندنی ئۆستورە (لای) کلۆدلێڤی سترۆس، تەنانەت تا ئەو شوێنە چوونەتە پێشەوە کە ڕۆڵی هونەریان بە نواندنەوەی ناکۆکییە کۆمەڵایەتییەکان زانیوە، بە جۆرێک کەچما هونەر دەبێت ئەرکی ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی مارکسیست بگرێت (ئەستۆ).

هەندێک لە تیۆریسیەنەکان، وەک هێربێرت مارکوزە، لەم باوەڕەدان هونەر لە بنەمادا (نەک بەرێکەوت) جۆرێک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی پێشڕەوە، چونکە بەرهەمە هونەرییەکان لە ڕێگەی ستراکتۆرە هەستەییەکانی ئافراندنی هونەری، وەک چیرۆک و نواندنەوە، کۆمەڵێک بەدیل بۆ (گرفتە)هەبووەکان پێشکەش دەکەن و، لە ئەنجامدا، بە شێوەیەکی کاریگەر ئەگەری کۆڕینی کۆمەڵایەتی دەردەخەن (هەرچەندە ئەم باسە دەڵێی ئەم ئەگەرە لەبەر چاو ناگرێت کە چەند جۆرێک لە بەرهەمە هونەرییەکان دەتوانن لە عەینی حاڵدا بکەونە خزمەت هەندێک بەدیلی کۆمەڵایەتی موبتەزەل و پەستەوە).

لەسەر ئەم قیاسە، تیۆدۆر ئادۆرنۆ خەباتی هونەری مۆدێرن بۆ وەدەستهێنانی سەربەخۆیی وەک ڕەخنەی پاڵەکی ئاراستەی باڵادەست لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا تەعبیر دەکات، کە دەیەوێت هەر جۆرە بەهایەک بە بەهای بازاڕی یان ئامرازی دابەزێنێت. هونەری مۆدێرن لەم خەباتە دا دەیدۆڕێنێت، بەڵام شکستی شکۆداری ئەو (هونەر) کرداری کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ئاستێکی بچکۆلانەدا، بە شێوەیەکی بەرچاو _ لە ئاسۆگەیەکی ڕەخنەگرانەوە _ دەردەخات. ئادۆرنۆ ئەم بابەتە تەنیا لە پەیوەندیدا بە هونەری مۆدێرنەوە بە ڕاست دەزانێت . بەڵام هونەری جەماوەری (mass art) هاودەستن لەگەڵ بازاڕو بە ئاراستەی پتەوکردنی سوڵتەی سیاسی سەرمایەداری بەسەر کۆمەڵگادا دەڕوات.

ئەو بەڵگاندنانەی شوناسی هونەر(وەک) جۆرێک ڕەخنەی کۆمەڵایەتی دەهێنێتە ئەژمار یان لەم ڕووەوە لە هەڵەدان کە تێگەیشتنێکی جیدی و وردیان لە ڕەخنەی کۆمەڵایەتی نییە (وەک مارکوزە)یان لەمڕووەوە کە هونەر بەمانای وەسفی و ڕەدناسی لەبەرچاو ناگرن، بەڵکو بەرێزو حورمەتەوە دەربارەی دەدوێن(وەک ئادۆرنۆ).هونەر لە بنەڕەتدا ڕەخنەی کۆمەڵایەتی نییە بەشی هەرە زۆری لە ئاستی سیاسیەوە، بێدەنگەو یان بە شێوەیەکی ناڕەخنەگرانە لای سیاسەتیان گرتووە . بەمانەوە، ڕەخنەو نارەزایەتی کۆمەڵایەتی ڕێگەیەکە لە ڕێگاکانی هونەر، ڕێگەیەک کە سەدەی هەژدەهەم بەملاوە(کە هونەر بە شێوەیەکی گەشەکەر لە پشتیوانی کردنی دینی و سیاسی سەربەخۆ بوو)موسافەرانێکی زۆری هەبووە بە تایبەت لە ساڵەکانی دوایی سەدەی بیستەمدا هۆگرانێکی بە تینو تاوی دۆزیوەتەوە.

## سیاسەت لە پشتیوانیکردنی هونەردا

بەو جۆرەی کە پێشتر بینیمان، هونەر دەتوانێت یەکێک لە جۆرەکانی چالاکیە سیاسیەکان بێت، دەوڵەت هونەرمەندان بەکاردەهێنێت تاکو تەمر، پارە، یادکردنەوەکانو جلووبەرگە یەک شکڵەکان تەراحی بکەن؛ ئاواز دابنێن، سروودەکان بخوێنن؛ مارشەکان، ڕێژەکان و بەرنامە شانۆییەکان بەرێوە ببەنو زۆرکاری دیکەش. لەو شوێنەدا کە دەوڵەتەکان یان پلەدارە فەرمیەکان تێچوونەکان دەدەن یان بەهەر شێوەیەک پشتیوانی لە چالاکیە هونەرییەکان دەکەن، سیاسەت ڕۆڵی کاردار(یان خاوەن کار) لە هونەردا دەگێڕێت. لە ڕابردوداو لە کولتووورە جۆراوجۆرەکانی حوکمڕانەکاندا، ئەریستۆکراتەکان و کڵیسەکان زۆر یەک لە هونەرمەندانیان بەمشێوە لای خۆیان دادەمەزراند.بەمانەوە، تەنانەت لە زەمانە نوێکان لە جیهانی پیشەسازیدا، هونەرمەندان بۆ وەدیهێنانی ئامانجە سیاسیەکان دادەمەزرێن.

بەرهەمەکانو داواکاریە دەوڵەتیەکان، سەرباری ئەوەی سەرچاوەیەکی داهاتن بۆ هونەرمەندان، دەتوانن لە نێوان بانگەشەی سەربەخۆی هونەرمەندان و بانگەشەکانی پەیوەندیدار بە مەسڵەحەتە گشتیەکانەوە، ببنە هۆی دروستبوونی کۆمەڵێک ناکۆکی. زۆرجاران پێشهاتووە کە دەوڵەت دروستکردنی بینا یان پەیکەرێکی هێمایی لای هونەرمەندان سفارش داوە هونەرمەند بە پێی زەوق و داهێنانی خۆی سفارشەکەی ئەنجامداوە. بەڵام دوای ئەوەی کارەکەی دوای هاتووە لەگەڵ هەندێک دژایەتیکردندا ڕووبەڕوو بووەتەوەو دەوڵەت ناچار بوو کۆیان کاتەوە. ئەگەری ڕوودانی ئەمجۆرە گرفتانە دەگەڕێتەوە بۆ سەپاندنی سیاسەت لەو کۆمەڵگایەدا کە هونەرمەند تیایدا دەژی. بە گشتی یارمەتیدانی هونەرمەند لە لایەن دەوڵەتەوە، بە جۆرێک تێکەڵ بێت بە لە بەرچاوگرتنە سیاسیەکان، ناتوانێت سەرچاوەیەکی پشتیوانی کردنی باوەڕپێکراو بێت.

دەوڵەت هونەرمەندان بە کۆمەڵێک حەق بەدەستی هەمیشەو نابەردەوام بەکاردەهێنێت تا کۆمەڵێک کاری تایبەت بۆ یەکە سیاسیەکان (لە پێناسە سنووردارەکەیدا)ئەنجامبدەن، جۆرێکی دیکە لە پشتیوانی کردنی دەوڵەتی بۆ هونەرمەندان بوونی هەیە. دەتوانین ئەمجۆرە پشتیوانی کردنە ناو بنێین خەڵاتکردن (لەم حاڵەتەدا دەوڵەت یارمەتی هونەرمەندان دەکات کە دوای ئامانجەکانی خۆیان، نەک ئامانجە گشتی و دەوڵەتیەکان، بکەون).دەوڵەت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆیش یارمەتی جیهانی هونەر دەکات. پێبەخشینە ماڵیاتیەکانی مووزەکان، نادەوڵەتی زانینی هەندێک لە ڕێکخراوە هونەریەکان و بورسەکانی خوێندن لەلایەن دەوڵەتی ناوەندیەوە بۆ قوتابخانە هونەریەکان بۆ نموونە پشتیوانی کردنی ناڕاستەوخۆی دەوڵەتن بۆ جیهانی هونەر. لە بەشی پشتیوانیکردنی کردنە ڕاستەوخۆکانی دەوڵەت لە هونەر، پێدانە نەقدیەکان یان پێشکەشکرنی هەندێک ئیمتیازی (وەک پێدانی عەرز، بیناو .. هتد) بۆ هونەرمەندان یا ڕێکخراوە هونەریەکان بۆ بەرێوەبردنی بەرنامەکانیان شایانی باسکردنە.

خەڵاتکردنی هونەرمەندان لەلایەن دەوڵەتەوە لە سەرانسەری جیهانی پیشەسازیدا شتێکی باوە. ئەم بابەتەش لەم دواییانەدا لەویلایەتە یەکگرتووەکان کۆمەڵێک باسی زۆری هێناوەتەئاراوە . بۆ نموونە ئەو پرسانەی کە سەرچاوەی ئەم باسە بووە، ئەو پارانەیە کە ڕێکخراوە دەوڵەتیەکان، وەک سندوقی نەتەوەیی پشتیوانیکردن(کۆمەک کردن) بە هونەرەکان(لە ئەمریکادا)،دەیدەنە هونەرمەندانی تاکو جیاجیا کە بەرهەمە هونەریە ڕەسەنەکان بەرهەمبێنن لەم دوایانەدا ژاوەژاوێک دەربارەی ئەو بەرهەمە هونەریانە ساز بوو کە تێچوونەکانی دەوڵەتی فیدراڵ دابینیدەکات، کۆمەڵێک بەرهەمی وەک _ مەسیح زایە بکەن بەرهەمی ئاندرێس سێرانو _ کە هەستی زۆربەی ئەوانەی ماڵیات دەدەن، بە تایبەت ئەوانەی کە خاوەن گرێدراوی ئاینی و ئاراستەگیری ڕاستن، خەوشدار کردووە. بەمانەوە، کەڵەکەڵە تیۆریکەکان لەم بوارەدا بە تەواوی ناگەڕێتەوە بۆ کۆنزێرڤاتیڤەکان بەڵکو ڕێگە دەدۆزێتەوە بۆ جەرگی لیبراڵیزمیش. چونک و گەر دۆکتۆرینی لیبراڵیزم ئەمەیە کە دەوڵەت دەبێت لە نێوان ئاراستە گیریەکانی ڕەقیب لە پرسە کۆمەڵایەتی و کولتووریەکاندا بێ لەیەنی خۆی بپارێزێت،و گەر ژمارەیەک بەرچاو لە شارۆمەندان سەرقاڵ بوون بە هونەر بەشتێک جگەلە گرێدراویە گرووپی و فیرقەییەکان نازانن، ئەم پرسیارە دێتەئاراوە کە ئایا دەوڵەتێکی لیبراڵ، بە پێی پرەنسیپەکانی خۆی دەتوانێت، بە هاریکاری کردنی کۆمەڵگای هونەری لەو شارۆمەندانەی ناڕازین بە نیسبەتیانەوە ماڵیات وەرگرێت.

ڕێکخراوە سیاسیەکانی وەک دەوڵەتەکان، هەروەها دەتوانن لە ڕێگای دەرکردنی موجەوزەکان و دیکەی کارە چاودێریانەوە و بە دروستکردنی چەند شوێنێک بۆ چالاکیە هونەریەکان، هاریکاری هونەر بکەن.

کەواتە کارە چاودێرکاریەکان هەروەها دەتوانن کۆمەڵێک لەمپەر لە ڕێگەی پەرەدانی سەربەخۆیی هونەری بە شێوەی جۆرواجۆر دروست بکەن.

## سیاسەت لە بەرانبەر هونەردا

موئەسەساتی سیاسی، ئەوانەی کە بە شێوەیەکی فەرمی و نافەرمی ڕێکخراون، دەتوانن لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە بەرەنگاری هونەرەکان ببنەوە. دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی، دەسەڵاتدارانی حیزبەکان و نوێنەرانی بزوتنەوە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانن دژی ناوەڕۆکی سیاسی، بەدواهاتە باوە کولتووریەکان، گرنگی کۆمەڵایەتی و ئامانجی ئەخلاقی بەرهەمە هونەریەکان، زمانی نارەزایەتی هەڵبڕن.کەواتە ڕێکخراوە سیاسیەکان، وەک حکومەتە ئیالەتییەکان، بۆ بەرەنگاربوونەوەی هونەر، تەنانەت کۆمەڵێک ئەهرۆمی بەهێزتریان لە ڕەخنەگرتن لەبەردەستدایە. ئەوان بە پێی ئیختیارە یاساییەکانی خۆیان دەتوانن چاودێری بەرهەمە هونەریەکان بکەن و لە ئەنجامدا مەمنوعی بکەن .واتە ڕێکخراوە فەرمیە سیاسیەکان، ئەوانەی حکومەتە ئیالەتییەکان دەتوانن بەرهەمە هونەریەکان سانسور بکەن، سەرەتاکانی تیۆری

سانسوور لە ڕابردووە دوورەکاندا (لە یونانی کۆندا) ئەفلاتوون دایڕشت، سانسور لەسەر ئەم گریمانەیە ڕاوەستاوە کە ئەرکی هونەر، خزمەت بە ئامانجە سیاسیەکانی دەوڵەتە. لە هەر شوێنێکدا هونەر نەیتوانی لە بەرەوپێشبردنی ئەو ئامانجانەدا کاریگەر بێت، یان لانیکەم لە ئاراستەی سستکردنەوەیدا کار بکات، سانسوور بەجێیە.

لە سەدەی هەژدەهەمەو تا ئەم دواییانە، وڵامێک کە ڕۆژئاواییەکان بەم دیدە ئەفڵاتونییەیان دەیاندایەوە ئەمە بوو، کە هونەر سەربەخۆیەو کەرەستەو ئامرازی سیاسەت یان شتێکی دیکە نییە.دەوترێت کە هونەر ئامانجەکان و کارکردەکانی خۆی هەیەو، کاری بە ئامانجەکانی سیاسەتەوە نییەو لێیان سەربەخۆیە. هونەر، بەواتایەکی دیکە، خاڵیە لە گرێدراوی. کەواتە ئەم بۆچوونە لە دواین ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا بێ ناوەڕۆک دەرکەوتووە و لەوانەیە هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بێت کە پرسی بەرەنگاری سانسوری سیاسی لە کاتی ئێستاماندا زیاد لەهەر کاتێکی دیکە لە دەیەی ١٩٦٠ بەم لاوە، ڕووبەڕووە لەگەڵ هەندێک دژواریدا دژایەتیکردن لەگەڵ ناوەڕۆکی سیاسی بەرهەمە هونەریەکان دەتوانێت پاڵنەرێک بێت بۆ سانسوری سیاسی. ئەوانەی بریتین لە ڕەخنەی سەریح یان پاڵەکی لە هەندێک پلەبەندی سیاسی یا فەلسەفە باڵادەستەکان _وەک سۆڤییەتی پێشوو _ ڕووبەڕووی پرچەکرداری توندی دەوڵەت ببنەوە. بەڵام ترس لە بەدواهاتە ڕەفتاری و ڕاهێنەرەنەکانی جۆرەکانی بەرهەمی هونەریش دەتوانێت پاڵنەر بێت بۆ سانسورکردن. وادێتە بەرچاو ئەو کارانەی لەم دواییانەدا لەوڵاتە یەکگرتووەکان بۆ سانسوری بەرهەمە هونەریە تایبەتەکان بەڕێوەچووە، بەم هۆیەوە بووبێت. پڕۆگرامە توندو تیژئامێزەکانی تێلیڤزیۆن و سینەماو شیعرە شەڕئەنگێزانە و جەنگاویەکانیش بە هۆی ئەوەی کە دەبنە پاڵنەری ڕەفتارە توندەکان، ڕووبەڕووی چەندان ڕەخنەو دژایەتیە جدیەکان دەبنەوە. هونەری پۆرنۆگرافیش مەحکوم دەکرێتو، مەمنوعکردنی پشتیوانی لێدەکرێت بەم هۆیەوە کە دەڵێن بە دواهاتەکانی زیناو دیکەی جەنایەتە جیسمیەکان. ئەم بانگەشانە، سەلماندیان زۆر دژوارە. لە نموونەی ئەم بەڵگاندنانەی بۆ سەلماندنی ئەم بانگەشانە دەهێنرێتەوە ئەمەیە کە ئەو ئەزموونانەی بە شێوەیەکی هێزەکی هۆکاری کردارە جەنایەت ئامێزەکانن، لەوانە خۆیان نائاسایی و نائەخلاقین.

جەختکردن لە بەدواهاتە ڕەفتاریەکان لە باسکردنی ئامریکاییەکاندا دەربارەی سانسوور، بێگومان حیکایەت جۆرێک گرێدراوی لە ویلایەتە یەکگرتووەکان لە پەیوەندیدا بە چەمکی لیبراڵی پرەنسیپی خەسار گەیاندن دەکات (Harm principle ) هەیە. واتە بۆ ئەوەی کە هەر جۆرە سانسورێکی دەوڵەتی بە جێ و بە حەق بێت، دەبێت کۆمەڵێک بەڵگاندن پێشکەش بکرێت. دەوڵەت دەبێت بە شێوەیەکی دیاریکراو دەریخات کە بەرهەمە هونەریە بەرباسەکان دەتوانن خەسار بدەن لە تەماشاکردنی بێ تەقسیرو ناڕازی. ئەم ئەرکەی (دەوڵەت) دەتوانێت_ لانیکەم لە پرەنسیپدا _ بەم بانگەشەوە بێتەدی، کە بڵێت بەرهەمە هونەریە بەرباسەکان، لەوانەیە کۆمەڵێک ئەنجامی نەخوازراوی بۆ مەسڵەحەتی کەسەکان لەدوایە. ئەمەی کە ئایا ئەم بانگەشەیە دەتوانێت بسەلمێندرێت یاخود نا، لە کۆتایدا پرسێکی ئەزموونییە هیچ کەس نەیتوانیوە تا ئێستا وڵامێکی بنەبڕی بۆ بدۆزێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری ڕۆشنگەری

مبانی جامعه‌شناسی هنر: گزیده، ترجمه‌و تالیف . علی رامین، نشر نی چاپ دوم 1389

# پێویستیی پێناسەکردنەوەی چەمکی پێشمەرگە و پێشمەرگایەتی.



وریا ڕەحمانی

بە درێژایی تەمەن و لە قۆناغە جیاوازەکانی ژیانم دا هەمێشە دیدێکی ئۆستوورەیی و پیرۆزم بەرامبەر بە واتای پێشمەرگە و چەمکی پێشمەرگایەتی هەبووە. هەمیشە پێشمەرگە نمادی خۆراگری و بەرخۆدان و قارەمانەتیی بووە لە لام. تەنانەت زۆر جاران پێم وابوو کە هەموو کەس ناتوانێ و بۆی نیە پێشمەرگە بێ.

واتە ئەوە پێناسە و پێگەیەکی گشتیی لەم چەشنە نیە کە هەر کەسێک بۆی بلوێ لە تەقەڵلای دەستەبەر کردن و پێگەیشتنی دا بێ. بەڵکوو تەنیا کەسانێکی تایبەت بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تایبەتەوە دەتوانن بەم ئاستە لە تێگەیشتن و خاوەندارێتی و مەزنایەتی بگەن کە تەنانەت لە ڕوویان بێ ئەم ناوە پیرۆز و ئەم دەورە ئەفسانەیی یە بە خۆیان بدەن یان لە سۆنگەیەکی دیکەوە کۆمەڵگا (عەقلانییەتی گشتی) پێیانی بدات.




کە منداڵ بووم یەکێک لە گەورەترین ئاواتەکانم ئەوە بوو تەنانەت بۆ جارێکیش بێ پێشمەرگە لە نزیکەوە ببینم و بیناسم. پێم وابوو پێشمەرگە شتێکی مێتافیزیکییە و لە خۆشبینانەترین حاڵەت دا تەنیا دەکرێ هەست پێ بکرێ کەچی پەیبردن بە قووڵایی زەرفییەتەکانی دەروونی کارێکی نامومکینە.هەمووی ئەوانە و بەدەیان ڕوانگەی دیکە لەم چەشنانەش ئەو پارامێتر و داتایانە بوون کە لە کۆمەڵگای بەرینی کوردایەتییەوە وەرم گرتبوون.ئەوکاتە ڕاگەیاندنێکی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نەبوو، و هەموو زانیارییەکانمان زیاتر هەواڵی چالاکییەکانی پێشمەرگەکان لە ڕێی دەنگی ڕادیۆوە بوو کە زۆربەشی شانازیهێنەر و غروورخوڵقێنەرانە بوون.وردەوردە کە گەورەتر بووم بە هەڵکەوت چەند جارێک لە نزیکەوە پێشمەرگەم دیت و پێوەندیم لەگەڵ گرتن. خودی ئەو ڕووداوانەش بە نۆرەی خۆیان ئەو بۆچوونە ئەستوورەیی یە و پیرۆزەمیان بەهێزتر کرد. پێشمەرگە؛ شۆڕشگێرێکی چەکداری لەخۆبردوو کە حازرە لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و بەرژەوەندییە گشتییە نەتەوەییەکان دا لە گیانی خۆی مایە دانێ.

هەر بۆیەش دەور و واتایەکی پیرۆزتری لە هەر توێژ و ئاراستەیەکی دیکەی نێو کۆمەڵگا لە ئاستەکانی بەرینی نەتەوەیی و نیشتمانی دا بە خۆی بەخشیبوو.

بەرەبەرە لەگەڵ تەواو بوون یان کەمرەنگ بوونەوەی بواری خەباتی چەکداری (بەهەر هۆیەکەوە)، و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ی چەمکەکانی شۆرش و شۆرشگێری لە ئەدەبیاتی سیاسیی جیهان و




کوردستانیش دا بەتایبەت پاش رووخانی بلۆکی رۆژهەڵات و کەمرەنگ بوونەوەی مێتودەکانی خەباتی چەکداریی کلاسیک، و گشتگیربوونی بیرۆکەی زاڵی لیبراڵیزم و روانگەی تاک بۆ گشت (جزء بەکل)ی ئەم ئەندیشەیە و کاریگەریی بەسەر رەوشی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کوردستانیش لە چوارچێوەی گلۆبالیزەیشێنی ئەکتیڤی کرداری جیهانی دا، هەروەها لەگەڵ گەشەی بێ سنووری راگەیەنە گشتی بە تایبەت تەسویرییەکان و ئامرازە جۆراوجۆرەکانی پێوەندی، و تێکەڵبوونی بەکردەوەی خۆشم بە ریزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی رزگاریخواز و ئازادیخوازانەی نەتەوەیی کورد، گۆرانکارییەکی بەرهەست لە هەمووی ئەم چەمک و پێناسانەدا کە پێشتر لە پێشمەرگەی کوردستان لە بیرم دا بوون پێک هات.

بەداخەوە زۆربەهەی هەرە زۆری خەڵکی ئێمە، وەک منی جاران، ئێستاش ئەو دیدە کلاسیک و نەگونجاوە کۆنەیان بۆ پێشمەرگە و بواری پێشمەرگایەتی هەر ماوە. ئێساش دیدێکی پێغەمبەرانە و رزگاریدەرانەیەکی ئاسمانیانەیان بەرامبەر بە پێشمەرگە ماوە و پێیان وایە خۆیان کەمترین ئەرکیان لەسەر شانە و ئەوە »کورەکان»ن کە بە ریسالەتێکی ئاسمانییەوە رۆژێک لە رۆژان لە کێوەکانەوە دێنە خوارێ و لە هەرچی نەهامەتی و چارەرەشییەکە رزگاریان دەکەن. بە داخەوە ئەو روانگە نادروست و خیاڵاتییە تەنانەت بەشێکی زۆر لە توێژی رووناکبیر و خوێندەواری ئێمەشی هەر گرتۆتەوە و تا کاتێک کە بەم دید و تێبینیانەوە دەژین، لە چوارچێوەیەکی ئەفسانەیی دا دێفۆرمەی دەکەن و بارێکی ئۆستوورەیی پێ دەدەن. بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەیدا بچووکترین خەوشێک بەسەر ئەم دیدەیان دابێ، لە جێدا لە دەورێکی ئانتی(دژبەر)انەی نابەجێ دەردەکەون و بەجێی ئەوەی هاوتەریبی بزووتنەوە گشتییەسیاسییەکەی نیشتمانەکەیان لە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ دیکتاتۆری و داگیرکەران دابن، بە پێچەوانەوە بە شێوەیەکی نادروست رووی لێ وەردەگێرنەوە.

رەنگە هۆکاری بەشێکی زۆری ئەم رەوشە پێکهاتوویە نادروستەی ئێستا، خودی ئێمەی ئەحزاب و پێشەنگەکانی بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان بین. وێدەچی بە جێی ئەوەی بەخەڵک بڵێین ئێمە وڵاتتان بۆ رزگار دەکەین و ئازادیتان بۆ دێنین و ئێوەش یارمەتیدەرمان بن، دروستتر ئەوە بێ تەعبیرێکی راستەقینەترمان لە دەور و کاریگەرییەکانی خۆمان هەبێ و پێیان بڵێین ئێمە و ئێوە بە یەکەوە و هەر لایەنەی لە جێی خۆیدا و بە پێی ئەرک و کاریگەرییەکانی خۆیەوە هاورێ و هاوتەریب و هاوکار، بە رزگاری و ئازادی دەگەی† . ئەگەر هەرچی زیاتر ئەو تەعبیر و روانگە ئارمانخواز و بەڵێن پێدەرانەیەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی دەیەی 60 و 70ی زایینی بەتایبەت هێزە چەپەکانەوە وەک میراتێکی لکێنراو بۆمان ماوەتەوە، خۆمان دەرباز کەین و لە هەوڵی بەرۆژبوونەوەی بەردەوام لەگەڵ رەوشی جیهانی و ناوچەیی و بارودۆخی خۆمان دابین، کەڵکێکی زیاتر وەردەگرین.پێناسەکردنی چەمکەکانی خەبات و پێشمەرگایەتی بە تێبینی و مێتۆدە کۆنەکانەوە خزمەتێکی ئەوتۆمان پێ ناکا و درێژەی خەبات و تێکۆشانی بەردەوام تا گەیشتن بە ئازادی و رزگاریی یەکجارەکیمان پێویستیی بە پێناسە کردنەوە (بازتعریف)ی دووبارە لە گشت بوارە پێوەندیدارەکان بەتایبەت خەبات و پێشمەرگایەتی دا هەیە.

پێشمەرگە بە واتا سەردەمییەکەیەوە تەنیا شۆرشگێرێکی چەکداری کلاسیک نییە بەڵکوو تێکۆشەرێکە کە بە دیدێکی کراوەی بەرفراوان ونەبەستراوە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و بایەخانەی کە ئەویان وەک مرۆڤێکی ئازاد و رزگاریخوازی کورد لە پێوەندی لەگەڵ هەموو توێژ و لایەنەکانی دیکەی کۆمەڵگا دا پێناسە کردوە، بە تێگەیشتن لە زەرفییەتەکانی کاری بە کۆمەڵ لە پێناوی رزگاریی نەتەوەیی و دەستەبەر کردنی ئازادی لە چوارچێوەی حیزبێکی سیاسی دا، خەبات دەکات. چەک بۆ پێشمەرگەی ئەمرۆ بە هیچ شێوەیەک واتایەکی پێناسە خوڵقێن و کەسایەتی بەخشانەی نییە، بەڵکوو رێک بە پێچەوانەوە مانایەکی ئینتزاعیی هەیە و لە پێناوی بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی خۆیدا کەڵکی لێ وەردەگرێ.




پێشمەرگەی ئەمرۆ بوونی خۆی نەک لە تەقابول و رووبەرووبوونەوە دا، بەڵکوو لە مودارا و هەڵکردن دا دەبینێتەوە. هەر بۆیەش دەرک و تێگەیشتنێکیی قووڵ و بەرفراوانی لە خەبات و حیزبایەتی و سیاسەت بە پانتایی هەموو مرۆڤایەتی هەیە و لەم پێناوەش دا تێدەکۆشێ و چەک دوایین شتێکە کە بیری لێدەکاتەوە.پێشمەرگەی ئەمرۆ هەرگیز خۆی لە سۆنگەی دژبەر و نەیارەکەیەوە لێک ناداتەوە بەڵکوو لە پێشدا هەوڵ دەدا بە ناسینی باش و گونجاوی بەرامبەرەکەی، بە دەرکێکی شایان و شایستەی دروستی لە خۆی بگەیەنێ.رەنگە لە گرینگترین لایەن و رەهەندەکانی کەسایەتیی پێشمەرگەیەکی ئەمرۆیی ئەو هەست بە تەعەهوود و بەرپرسایەتییە بەردەوامە بێ کە بەرامبەر بە خۆی و نەتەوە و نیشتمانەکەی و بایەخە پیرۆزە مرۆڤایەتییەکان دا هەیەتی و هەر ئەو شتەش وای لێدەکا بایەخ و ئامانجەکانی لەم چوارچێوانە دەرنەخا و لێیان لانەدات.خۆی لە بایەخەکانی دا و بایەخەکانیش لە خۆیدا لە هاوپێوەندییەکی بەردەوام دا پێناسە دەکاتەوە و پێشی وایە بۆ خۆشویستن و هەوڵدانی بێ وچانی لە پێن و بایەخە گشتییەکانی ژیانی دا بەر لە هەموو شتێک پێویستە کە خۆی خۆش بوێ و رێز لە فەلسەفە و بنەما وجوودییەکانی خۆی بگرێ.

وێدەچێ کە حەقیقەتی بابەتەکە و راستەقینەی هەلومەرجی خەبات و بارودۆخی سیاسیی کوردستان و جیهان هەرچی زیاتر بەرەو ئەو راستییەمان بەرێ کە خوێندنەوەیەکی جیاواز و ئەمرۆیی ترمان لە چەمکەکانی پێشمەرگە و حیزبایەتی و خەبات و سیاسەت هەبێ و لە سەرراوە پێناسەیان بکەینەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتوە بە دوور لە هەر چەشنە دەمارگرژی و چەقبەستووییەکی نەخوازراوانەوە نەک هەر لە چوارچێوەی چەمکەکانی پێشمەرگایەتی و خەبات دا بەڵکوو لە گشت بوارێکەوە لە رووی تیۆری و کردارییەوە، بە خوێندنەوەیەکی دووبارە و پێناسەکردنەوە (بازتعریف)ێکی شایان لە خۆمان و رێباز و ئامانجەکانمان، بڕوانینەوە نێو مەیدانەوە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ

# نەتەوە بێ دەوڵەتەکان... (فەلەستین)



ئامادەکردنی: سەرکەوت جەلیل

## سەرەتا

فەلەستین دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی دەریای ناوەڕاستەوە تا دەگاتە روباری ئوردن، لە ناوجەرگەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە. خۆرئاوای ئاسیا و باکوری ئەفریقیا پێکەوە دەبەستێت، چونکە لەگەڵ نیمچە دورگەی سینادا خاڵی پێکگەیشتنی ئەو دو کیشوەرەن. چەندین شاری بەناوبانگی تێدایە، کە بۆ هەریەکە لە سێ ئایینە ئاسمانییەکە گرنگن، لەوانەش قودس. ئەمڕۆ قودس کراوەتە دو بەشەوە، بەشێکی دەوڵەتی ناسەربەخۆی فەلەستینی تێدایە و بەشەکەی تریش، دەوڵەتی ئیسرائیل کە لە ١٩٤٨دا دامەزرێنرا. ژمارەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیەش ١١ ملیۆن و ٩٠٠ هەزار کەسە، رێژەی جولەکەکان تێیدا ٤٩%یە و رێژەی عەرەبیش ٤٦%ە.




لەڕوی سیاسییەوە فەلەستین، ناوچەیەکی پڕ گرژی و ئاڵۆزییە، بەهۆی کارەکانی دەوڵەتی ئیسرائیلەوە، کە زۆر کەس بە کارێکی رەگەزپەرستانەی لە قەڵەم دەدەن. پاش دامەزراندنی دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی لە ١٩٩٣، ناوی فەلەستین لە ئاستی نێودەوڵەتیدا جاروبار بەکاردێت و مەبەستیش لێی ئەو ناوچانەیە کە لەژێر حوکمی دەسەڵاتی فەلەستینیدان. وەک نازناویش بە عەرەبەکانی ناوچەکە دەوترێت، لەکاتێکدا جولەکەکان پێیان خۆش نیە بەو ناوەوە، واتە بە فەلەستینی بانگ بکرێن.

هیرۆدۆتی مێژونوسی یۆنانی، لە نوسینەکانی لە سەدەی پێنجەمی پێش زاییندا، لە باسی وڵاتی شام و وڵاتی رافیدەیندا، ناوی فەلەستینی وەک ئاماژەیەک بۆ باشوری وڵاتی شام بەکاربردوە، پێی وتوە: پلیستینیە. پێدەچێت لە ناوی پلشت_ەوە وەریگرتبێت، کە بە ناوچەی نێوان یافا و دۆڵی عەریش وتراوە، بەهۆی ئەوەی گەلی (فلستی) لە سەدەی ١٢یەمی پێش زایین و بۆماوەی زیاتر لە ٥٠٠ ساڵ لە ناوچەی فەلەستیندا ژیاون. لە سەدەی دوەمی زایین و لە ساڵی ١٣٢دا ئیمپراتۆریەتی رۆمانی، هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی ویلایەتی یەهودا و لە جێگەی ئەوە ویلایەتی فەلەستینی سوریی دامەزراند. لە سەردەمی خەلافەتی ئیسلامیشدا بە فەلەستین وتراوە "جند فلسطین" و بەشێک لە سنورەکانی لەگەڵ "جند الاردن"دا هاوبەش بوە.

## مێژو

فەلەستین لە ناوچەیەکی زۆر ستراتیژیدایە لەنێوان میسر و سوریا و عێراق، سەرزەمینی زۆرێک لە شارستانێتییەکانە. شاری ئەریحا لە هەزارەی هەشتەمی پێش زایینەوە،٢١ شارستانێتی جیاوازی بەخۆوە بینیوە. فەلەستین سەرزەمینی سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی و یەهودیشە. کۆنترین گەلێکی ناسراو لەو سەرزەمینەدا نیشتەجێ بوبێتن، کەنعانییەکانن. لەلایەن زۆرێک لە گەلانی جیاوازەوە داگیر و کۆنترۆڵکراوە، لەوانەش میسرییە کۆنەکان، ئاشورییەکان، بابلییەکان، فارسەکان، رۆمانەکان، یۆنانییەکان، بیزەنتییەکان، خەلافەتی ئیسلامییەکان، خاچپەرستەکان، ئەیوبییەکان، مەمالیک، عوسمانییەکان و بەریتانییەکان، لە کۆتاییشدا ئیسرائیل پاش شکستەکەی ١٩٤٨.

لە ناوچەیەکی نزیک دەریاچەی تەبەریا شوێنەواری مرۆیی دۆزراوەتەوە، کە بۆ ٦٠٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. کەنعانییەکان لە ساڵانی نێوان ٣٠٠٠ بۆ ٢٥٠٠ ساڵ پ.ز گەیشتنە فەلەستین. لە دەوروبەری ساڵانی ١٢٥٠ پ.ز بەنی ئیسرائیل چەند بەشێکی وڵاتی کەنعانییەکانیان داگیرکرد، لەنێوان ساڵانی ٩٦٥ بۆ ٩٢٨ پ.ز سولەیمان پەیکەرێکی لە قودس دروستکرد، پاش داگیرکردنی وڵاتەکەیان لەلایەن ئاشورییەکانەوە و دواتریش لەلایەن بابلییەکانەوە پەیکەرەکە روخێنرا، ساڵی ٥٣٩ پ.ز فارسەکان، بابلییەکانیان تێکشکاند و رێگەیاندا جولەکەکان بگەڕێنەوە و پەیکەرەکە دوبارە دروستبکەنەوە. ساڵی ٣٣٣ پ.ز ئەسکەندەری مەزن وڵاتی فارسی داگیرکرد و فەلەستینی خستە ژێر رکێفی خۆیەوە، دوای ئەویش بەتلیسییەکانی میسر و سلوقییەکانی سوریا بەنۆرە حوکمی ئەو ناوچەیەیان کردوە.

عیسای مەسیح لە شاری بەیت لەحم لە دایکبوە، ناوبانگی ئەو شارەش بەو هۆیەوەیە. دەگێڕنەوە کە یوسفی دارتاش و مەریەمی پاکیزە رۆیشتون بۆ بەیت لەحم تا خۆیان لە سەرژمێری گشتیدا ناونوس بکەن، ئیتر لەوێ منداڵەکەی بوە. بەڵام لە قورئاندا هاتوە: (لە سایەی دار خورمایەکدا ژانی منداڵبون گرتی). ساڵی ٣٣٠ز هیلانەی دایکی قوستەنتین، لەسەر ئەو ئەشکەوتەی گوایە مەسیحی تێدا لەدایکبوە، کڵێسایەکی بنیاتناوە، کە کۆنترین کڵێسایە لە مێژودا.

پاش روداوی (ئیسرا و میعراج) بەپێی باوەڕی ئیسلامی، قودس بو بە شارێکی پیرۆز، پاش ئەوەشی نوێژ بەسەر موسڵماناندا فەرزکرا، موسڵمانان روگە (قیبلە)یان گواستەوە بۆ مەککە، چونکە جولەکەکان بەردەوام تانەی ئەوەیان لێیان دەدا، کە رو لە قیبلەی ئەوان دەکەن، ئەوە سەرەڕای چەند هۆیەکی تریش.

پاش داگیرکردنی قودس و ناوچەکانی تری فەلەستین لە سەردەمی خەلافەتی عومەری کوڕی خەتابدا، ناوبراو پەیمانێکی لەگەڵ مەسیحییەکاندا مۆرکرد کە بە "پەیمانی عومەری" ناسراوە. تیایدا بەڵێنیدا بە پاراستنی سەر و ماڵ و پیرۆزییەکانی مەسیحییەکان لە بەرامبەر دانی سەرانە (جزیە)دا.

لە سەردەمی عوسمانییەکاندا فەلەستین گەشەی زۆری کرد، چەندین بەندەر و بازاڕ و خوێندنگە و مزگەوت و کڵێسا و گەرماو و سەرا و بینای تری حکومی و تایبەتیان تێدا بنیاتنا، بەتایبەتی لە شارەکانی قودس و عەکا و یافا و جەنین و بەیت لەحم.

لە ساڵانی کۆتایی حوکمی عوسمانییەکاندا فەلەستین، لەڕوی ئیدارییەوە دابەشبوبو بەسەر دو ئیدارەدا: یەکێکیان ئیدارەی قودس، کە بە وەزارەتی ناوخۆوە لە ئەستەنبوڵ پەیوەست بو، ئەوەکەی تریش ئیدارەی باکوری فەلەستین، بەڵام لەڕوی سەربازییەوە فەلەستین بەشێک بو لە فەرماندەیی سەربازیی گشتیی سوری.

ساڵی ١٩١٦ فەرەنسا و بەریتانیا و روسیا رێککەوتنێکیان بۆ دابەشکردنی بەشی باکوری نیشتمانی عەرەبی (عێراق و وڵاتی شام) مۆرکرد، ئەوەش بۆئەوەی ناوچەی دەسەڵاتی خۆیان دوای روخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دیاری بکەن.

ئەو ناوچەیەی دواتر لە باشوری سوریا جیاکرایەوە و بە فەلەستین ناسرابو، جگە لە بیابانی نەقەب، خرایە سایەی ئیدارەیەکی نێودەوڵەتییەوە، کە بە راوێژی بەریتانیا و فەرەنسا و روسیا بەرێوەبچێت. بەریتانیا هەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە سیاسەتی دامەزراندنی قەوارەیەکی جولەکەی پەیرەودەکرد، کە پێیانوابو تا ئەبەد لە سێبەری خۆیاندا دەمێنێتەوە و دەبێتە کێچی کەوڵی عەرەب و ناهێڵێت بیر لە یەکگرتن بکەنەوە. ئەم سیاسەتەش لە پەیمانی بلفۆری ساڵی ١٩١٦دا خۆی بەیانکرد.

ساڵی ١٩١٧ فەلەستین کەوتە ژێر دەسەڵاتی سوپای بەریتانیاوە، ساڵی ١٩٢٠ فەلەستین خرایە ژێر ئینتیدابی بەریتانیاوە، بەڵام لە ١٩٤٨ میسر چوە کەرتی غەزەوە و ئوردنیش چوە کەرتی خۆرئاواوە. لە شوباتی ١٩٤٩ هەریەکە لە میسر و ئوردن لەلایەک و ئیسرائیلیش لەلایەکی ترەوە ئاگربەستێکیان مۆرکرد، کە بەپێی ئەو ئاگربەستە میسر پارێزگاری لە کەرتی غەزە دەکات و ئوردنیش لە کەرتی خۆرئاوا. بەو شێوەیەش مانەوە تا جەنگی ١٩٦٧.

ساڵی ١٩٤٧ نەتەوە یەکگرتوەکان ویستی چارەسەرێکی بۆ ناکۆکی عەرەبی ئیسرائیلی لەسەر فەلەستین بدۆزێتەوە، هەستا بە پێکهێنانی لیژنەی (UNSCOP) کە لە چەند وڵاتێک پێکهاتبو، بەمەبەستی گرەنتیکردنی بێلایەنی لە چارەسەرکردنی کێشەکەدا. بڕیاری دابەشکردنەکە لە ئایاری ١٩٤٧ بڵاوکرایەوە و ٥٥%ی خاکی فەلەستینیدا بە ئیسرائیل (کە لە ئیسلودەوە دەیگرتەوە تا نزیکی حەیفا جگە لە شاری یافا). دابەشکردنەکەش بەجۆرێک بو شوێنی گردبونەوەی جولەکەکانی تێدا رەچاوکرابو، بەجۆرێک ویستیان هەرچۆنێک بوە لەناو سنوری دەوڵەتە یەهودییەکەدا بمێننەوە. دەستەی باڵای عەرەبی پێشنیازی دابەشکردنەکەی رەتکردەوە، بەڵام دەستەی یەهودی بە دابەشکردنەکە رازیبو، هەریەکە لە ئەمەریکا و روسیاش دابەشکردنیان پێ قبوڵبو. بەریتانیاش رایگەیاند، ئەگەر لە شەش مانگدا چارەسەرێک نەدۆزرێتەوە، کە عەرەب و جولەکەکانیش پێکەوە قبوڵیان بێت، فەلەستین بەجێدەهێڵێت.

پاش راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەسەر خاکی فەلەستین لە ١٥ی ئایاری ١٩٤٨، یەکەم جەنگی نێوان عەرەب و جولەکە هەڵگیرسا، ئەوەبو هێزی پێنج وڵاتی عەرەبی (میسر و سوریا و ئوردن و لوبنان و عێراق) ویستیان بچنە فەلەستینەوە و رێگە لە دروستبونی دەوڵەتی ئیسرائیلی بگرن. ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکان تا کانونی دوەمی ١٩٤٩ بەردەوامبون، تا ئیسرائیل بەتەواوی ئەو ناوچانەی کۆنترۆڵکرد کە بڕیاری دابەشکردنەکە پێی دابو. لە ئەنجامی ئەوەشدا ٧٠٠ هەزار فەلەستینی ئاوارەی کەرتی خۆرئاوا و کەرتی غەزە بون و کەمێکیان نەبێت، ئەگەرنا ئەوانی تر دەوڵەتی ئیسرائیل نەیهێشت بگەرێنەوە شوێنی خۆیان. لە ١٩٤٨ و لەکاتی جەنگەکەدا حکومەتێک لە غەزە بە سەرۆکایەتی ئەحمەد حیلمی عەبدولباقی پێکهێنرا، چەند ساڵێکیش نوێنەرایەتی فەلەستینی لە کۆمکاری عەرەبی کرد، بەڵام چەند وڵاتێکی عەرەبی وەک عێراق و ئوردن و میسر دانیان پیانەدەنا، ئەوە بو شکستیهێنا.

ساڵی ١٩٥٦ پاش خۆماڵیکردنی نۆکەندی سوێس لەلایەن جەمال عەبدولناسرەوە، فەرەنسا و بەریتانیا و ئیسرائیل هێرشیان کردە سەر میسر و کەرتی غەزە، تا لە ١٩٥٧ کەرتی غەزەیان داگیرکرد.

ساڵی ١٩٦٤ رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین وەک رێکخراوێکی سیاسی و نیمچە سەربازی دامەزرا، کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمکاری عەرەبی وەک تاکە نوێنەری گەلی فەلەستینی لە ناوەوە و دەرەوەشدا دانی پیانرا. چەندین گروپ و حیزبی فەلەستینی لەخۆدەگرێت، لەوانەش بزوتنەوەی فەتح و بەرەی جەماوەریی و بەرەی دیموکراتی و حیزبی گەلی شیوعی و چەندانی تریش. سەرۆکی لیژنەی جێبەجێکردنی رێکخراوەکە وەک سەرۆکی فەلەستین وایە، لەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی دەسەڵاتی فەلەستینیدان. شایەنی باسە بزوتنەوەی بەرگریکردنی ئیسلامی (حەماس) و بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی بەشێک نین لەو رێکخراوە.

ساڵی ١٩٦٧ جەنگێک لەنێوان ئیسرائیل و میسر و سوریا و ئوردندا هەڵگیرسا، بە سەرکەوتنی ئیسرائیل و دەستبەسەراگرتنی باقی ناوچەکانی تری فەلەستین لە کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا و سینای میسری و بەرزاییەکانی جۆلان لە سوریا، کۆتاییهات. جەمال عەبدولناسری سەرۆکی میسریش بەشێوەی کاتی دەستی لەکارکێشایەوە، سەرەڕای ئاوارەبونی ژمارەیەکی زۆری گەلی فەلەستین.

ساڵی ١٩٨٧ رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین دژی ئیسرائیل راپەڕی، بەوەش دۆسیەی فەلەستینی هێنایەوە بەر باس و گفتوگۆ. ساڵی ١٩٨٨ رێکخراوی ناوبراو بەشێوەی رەسمی بڕاردەی دو دەوڵەتی لە فەلەستین و پێکەوەژیانی ئاشتییانەی لەگەڵ ئیسرائیل هەڵبژارد، بەجۆرێک سەربەخۆیی فەلەستین لەسەر زەوییەکانی ساڵی ١٩٦٧ دەستەبەربکات و قودسی خۆرهەڵات بکرێتە پایتەختی. ساڵی 1993 دوای دانوستانێکی نهێنی ئیسحاق رابین، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیل و یاسر عەرەفات، سەرۆکی رێکخراوی ئازایخوازی فەلەستین رێککەوتنێکیان مۆرکرد، لەسەر کشانەوەی ئیسرائیل لە کەرتی غەزە و پێدانی ئیدارەی شارەوانییەکان بە فەلەستینییەکان.

لە ١٩٩٤ هێزەکانی ئیسرائیل لە کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا بەشێوەی هەندەکی کشانەوە و ناوچەکە کەوتە ژێر حوکمڕانی دەسەڵاتی فەلەستینی، تا ئەوەی ئیسرائیل لە ٢٠٠٥ و بە فەرمانی ئاریل شارۆن، سەرۆک وەزیرانی ئیسرائیلی ئەوکات بەتەواوی لە کەرتی غەزە کشانەوە.

لە کانونی یەکەمی ٢٠٠٨ ئیسرائیل، هێرشێکی توندی زەمینی و ئاسمانی کردە سەر کەرتی غەزە، بۆردومانی زۆربەی بنکەی پۆلیس و ماڵ و مزگەوت و نەخۆشخانەکانیشی کرد، بەمەبەستی کۆتایی هێنان بە حوکمی بزوتنەوەی حەماس و تەقاندنی موشەک بە ئاراستەی ئیسرائیل.

کەرتی خۆرئاوا و غەزە تا ساڵی ١٩٩٤ لەژێر رکێفی ئیسرائیلدا مانەوە، تا ئەوە بو بەپێی رێککەوتنانەی ئۆسلۆی ساڵی ١٩٩٣ دەسەڵاتی نیشتمانی فەلەستینی بەرِێوەبردنی چەند بەشێکی هەردو ناوچەکەی کەوتە دەست. پاش ئەوەی بزوتنەوەی حەماس زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی بردەوە، شەڕ و پێکهەڵپرژان لەنێوان حەماس و فەتح دروستبو، تا لە ٢٠٠٧دا گەیشتە لوتکە، پاش ئەوەی حەماس بەتەواوی کەرتی غەزە و دامەزراوە ئەمنی و حکومییەکانی کۆنترۆڵکرد.

لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٨ و سەرەتای ٢٠٠٩ ئیسرائیل کەرتی غەزەی گەمارۆدا، کارەبا و سوتەمەنی لێ بڕی و نەیهێشت هیچ دەوا و دەرمانێکیشی لە وڵاتانی دراوسێوە پێبگات. ئەو گەمارۆیە تائێستاش بەردەوامە و لە ئەنجامی هێرش و پەلامارەکانی ئیسرائیلەوە بۆ سەر کەرتی غەزە چەندین فەلەستینی کوژراو و بریندار بون.

## جوگرافیا

فەلەستین دەکەوێتە کیشوەری ئاسیاوە و بەشی باشوری خۆرئاوای وڵاتی شام پێکدەهێنێت، کە جگە لە فەلەستین، لوبنان و سوریا و ئوردنیش لەخۆدەگرێت، لەگەڵ میسریش هاوسنورە. بەهۆی ئەو پێگەیەی هەیەتی بوە بە ئەڵقەی گەیاندنی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا بەیەکتری.

چەند شارێکی کەناراوی گرنگی تێدایە، کە دەکەونە سەر دەریای ناوەڕاست، ئەوانیش: عەکا، حەیفا، خزەیرە، نەتانیا، هیرتسلیا، تەل ئەبیب، ئافا ئەشود و عەسقەلان و غەزە، کە لەڕوی ئابوری و



دیمۆگرافی و جوگرافییەوە گرنگییەکی زۆریان هەیە، چونکە ٦٠%ی دانیشتوان لەو شارە کەناراوییانەدا نیشتەجێن (نزیکەی ٧٥%ی دانیشتوانانی جولەکە و ٤٠%ی عەرەب). ئەو شارانە گرنگترین سەنتەرەکانی پیشەسازی و بازرگانییان تێدایە، ئەو ناوچە کەناراوییانە، بەتایبەتیش تەل ئەبیب و کەرتی غەزە بە چڕترین ناوچەی نیشتەجێبون دادەنرێن لە جیهاندا.

کەشوهەوای فەلەستین تێکەڵەیەکە لە کەشوهەوای دەریای ناوەڕاست و کەشوهەوای بیاباناوی، هەر بۆیە زستانی باراناوییە و هاوینی وشکە.

پاش جەنگی عەرەب ئیسرائیلی ١٩٤٨ و ئاگربەستی رودس، هێڵێکی سەوز دیاریکرا، وەک نیشانەیەک بۆ ئەو ناوچانەی نابێت شەڕیان تێدا بکرێت، بەڵام دواتر ئەو هێڵە بو بە سنوری رەسمیی ئیسرائیل لەگەڵ وڵاتە عەرەبییە دراوسێکانیدا. لە ناوەوەی هێڵی سەوزدا بەشی خۆرئاوای شاری قودس بەرکەوت، بەو عەرەبانەی لەو ناوچانەی هێڵی سەوزدا ماونەتەوە دەڵێن عەرەبەکانی ٤٨، کە بەپێی یاسای هاوڵاتیبونی ئیسرائیلی، رەگەزنامەی ئیسرائیلییان وەرگرتوە، چونکە بەپێی یاسای ناوبراو هەر کەسێک لە رێکەوتی ١٤ی تەموزی ١٩٥٢ (واتە رۆژی پەسەندکردنی یاساکە) لە ناوەوەی هێڵی سەوز بوبێت، بە هاوڵاتی ئیسرائیلی دانی پیانراوە.

## سیاسەت

فەلەستین بە ناوچەیەکی جێناکۆک دادەنرێت، زیاد لە جارێک دابەشکراوە، یەکەمیان لە ١٩٣٧، دوەمیان لە ١٩٤٧. بەپێی رێککەوتنامەی ژنێڤ و بڕیاری ژمارە ٢٤٢ی ئەنجومەنی ئاسایشیش، ئیسرائیل بە لایەنێکی داگیرکاری خاکە عەرەبییەکان دادەنرێت، کە مەبەست لە کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوایە. فەلەستینییەکانیش داوای گەڕاندنەوەی ئەو زەوییانە دەکەن، کە لە جەنگی ١٩٦٧دا داگیرکراوە، لەو پێناوەشدا دوجار راپەڕینی مەزنیان ئەنجامداوە، یەکەمیان لە ١٩٨٧ و ناویاننا راپەڕینی (ئەلحیجارە) و دوەمیشیان لە ٢٠٠٠ و ناویاننا راپەڕینی (ئەلئەقسا). پێشتریش لە ١٩٣٦ و دژی کۆچی بەکۆمەڵی جولەکەکان بۆ وڵاتەکەیان دژی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی وەستانەوە و راپەڕین.



هەرچەندە بەپێی دەستوری دەسەڵاتی فەلەستینی پێویستە سەرۆکی دەسەڵات و ئەنجومەنی یاسادانان بەشێوەی خولاو هەڵبژێرێن، بەڵام لە دامەزراندنی دەسەڵاتەکەوە تا ٢٠١٠ تەنیا دو جار هەڵبژاردن کراوە، لە ١٩٩٦ و لە ٢٠٠٦. ئەنجومەنی یاسادانان بە رۆڵی پەرلەمان هەڵدەستێت، لەکاتی مۆرکردنی رێککەوتنامەی ئۆسلۆی نێوان رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٩٩٦ پێکهاتوە و ئەرکی چاودێریکردنی کارەکانی دەسەڵاتی جێبەجێکردنە.

یەکێک لە خاڵەکانی رێککەوتنامەی ئۆسلۆ ئەوەیە، دۆخی کۆتایی قودس لەرێگەی دانوستانەوە لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستینیدا یەکلایی بکرێتەوە، کە ئەویش قودسی خۆرهەڵات بە پایتەختی دەوڵەتی داهاتوی فەلەستین دادەنێت. مەحمود عەباس، سەرۆکی فەلەستینیش رایگەیاندوە، هەر دانوستانێک دان بە قودسدا نەنێت وەک پایتەختی فەلەستین قبوڵناکرێت.

یەکەم هێزی چەکداری فەلەستینی لە ١٩٦٥ دامەزرا، کە ئەویش بزوتنەوەی فەتح بو، پاش دامەزراندنی رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی بە ساڵێک. لە دیارترین گروپەکانی بەرگری فەلەستینی لەمڕۆدا بریتین لە: بزوتنەوەی حەماس، بەرەی نیشتمانی ئازادکردنی فەلەستین و بزوتنەوەی جیهادی ئیسلامی لە فەلەستین.

## سەروەری

لە فەلەستینی مێژوییدا دو قەوارەی سیاسی هەن: یەکەمیان دوای جەنگی ١٩٤٨ دامەزرا، ئەویش ئیسرائیلە و روبەرەکەی نزیکەی ٧٨%ی خاکی فەلەستینە. واتە لەوە زیاتری داگیرکردوە کە نەتەوە یەکگرتوەکان لە بڕیاری دابەشکردنی ساڵی ١٩٤٧ بۆ ئەو دەوڵەتەی دیاریکردبو. قەوارەکەی تریش دەوڵەتی فەلەستینە، کە هێشتا سەربەخۆیی خۆی وەرنەگرتوە، خاوەن روبەری ٢٢%ی خاکی فەلەستینە.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا ئیسرائیل دەوڵەتێکی دانپیانراوە، بەڵام دەوڵەتی فەلەستین تائێستا وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆ دانی پیانەنراوە.

دو چارەسەر بۆ کێشەی ئەو دو دەوڵەتە خراوەتەڕو، ئەوانیش:

### ١- رێگەچارەی تاک دەوڵەتی

لایەنگرانی ئەم رێگەچارەیە پێیان باشە، یەک دەوڵەت لە ئیسرائیل و کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا پێکبهێنرێت، کە عەرەب و جولەکەکان بەیەکسانی مافی هاوڵاتیبونیان هەبێت.

### ٢- رێگەچارەی جوت دەوڵەت

دەوڵەتی فەلەستین: ئەو دەوڵەتەیە کە لایەنی رەسمیی فەلەستین داوای دامەزراندنی دەکات لەسەر خاکی هەریەکە لە کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا و قودسی خۆرهەڵات. ساڵی ١٩٨٨ لە جەزائیر دروستبونی دەوڵەتی فەلەستین راگەیەنرا، بەڵام تاک لایەنە کرا، بۆیە هیچ کاریگەرییەکی واقیعیی نەبو.

دەوڵەتی ئیسرائیل: لەسەر نزیکەی ٧٨%ی خاکی فەلەستین دامەزرێنراوە، هاوکات کەرتی خۆرئاوای هاوسنوری ئوردن و کەرتی غەزەی هاوسنوری میسری داگیرکردوە، وەکچۆن بەرزاییەکانی جۆلانی سوریاشی داگیرکردوە. دەوڵەتی ئیسرائیل لە ١٤ی ئایاری ١٩٤٨ لەلایەن ئەنجومەنی جولەکانی زایۆنییەوە لە فەلەستین راگەیەنرا.

دەسەڵاتی فەلەستینی لە دمەزراندنییەوە لە ١٩٩٤وە تائێستا، دانوستان لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین دەکات لەسەر ٢٢%ی خاکەکەی.

لە ئێستادا کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا دو جۆر حوکمڕانیی جیاوازیان تێدایە. هەرچەندە لە چەند بەشێکیاندا ئۆتۆنۆمییان هەیە، کەچی چەند بەشێکی تریان لەژێر دەسەڵاتی ئیسرائیلدان. پاش کشانەوەی ئیسرائیل لە ٢٠٠٥ لە کەرتی غەزە بێئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی فەلەستین لەسەر جۆری حوکمڕانی رێکبکەوێت، کێشەیەکی زۆری خوڵقاند، بەتایبەتی کە سەرەڕای بەرهەڵستکاریی دەسەڵاتی فەلەستینی، بزوتنەوەی حەماس تیایدا باڵادەست بوە و کۆنترۆڵیکرد.



دانیشتوان

ژمارەی دانیشتوانی فەلەستین ١١ ملیۆن کەسە، نیوەیان لە دەرەوەی فەلەستینی مێژویی دەژین. ژمارەی دانیشتوانی فەلەستینی لە کەرتی خۆرئاوا و کەرتی غەزەدا (تا ساڵی ٢٠١١) ٣ ملیۆن و ٧٥٢ هەزار و ٢٠٠ کەس بوە. زۆربەیان عەرەب بون لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی تردا. ئەو فەلەستینییانەی لە دەرەوەی کەرتی غەزە و کەرتی خۆرئاوا دەژین (تا ساڵی ٢٠٠٦) ژمارەیان لە ٥ ملیۆن زیاترە، کە بەسەر چەند وڵاتێکی عەرەبی و غەیرە عەرەبیشدا دابەشبون، لەوانەش، ئوردن: ٣ ملیۆن و ٢٤ هەزار کەس، کە ٦٠%ی دانیشتوانی رەسەنی ئوردن پێکدەهێنن. سوریا: ٥٨١ هەزار کەس. لوبنان: ٥٤٤ هەزار کەس، ئەمانەش زۆربەیان موسڵمانی سوننین. لە ئەمەریکای لاتینیش ژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ هەزار کەسە و زۆربەشیان مەسیحی ئەرتۆدەکسین و بە عەرەبییش نادوێن.

## زمان

پێش زایین، زمانە کەنعانییەکان لە فەلەستیندا هەبون، کە کەنعانییەکان و فینیقییەکان و عیبرانییەکان پێی دواون. لە دەوروبەری سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە زمانی کەنعانی بەرەو نەمان دەچو، زمانی ئارامی جێی گرتەوە، کە کەنعانییەکانی ئەوکات و جولەکە و مەسیحییەکان پێی دەدوان. ئەو زمانەش مایەوە، تا کاتێک زمانی عەرەبی وەک زمانی بنەڕەتی ناوچەکە هاتە مەیدانەوە و دانیشتوانەکەی ماوەی ١٠ سەدە پێی دوان. لە ئێستادا تەنیا نزیکەی ٤٥%ی دانیشتوانی فەلەستینی مێژویی بە عەرەبی دەدوێن. فەلەستینییەکان شێوە زاری خۆیان هەیە، کە سەر بە گروپی شێوە زارەکانی شامی باشورییە. دوای شکستی ١٩٤٨ زمانی عیبری و عەرەبی بون بە دو زمانی رەسمی دانیشتوانی ئیسرائیل، پاش ئەوەی عەرەبەکانی ١٩٤٨ فشاریان بۆ حکومەت هێنا و داوایان کرد عەرەبییش بکرێتە زمانی سەرەکی.

## ئایین

فەلەستین گرنگییەکی تایبەتی بۆ هەر سێ ئایینە ئاسمانییەکە: یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام هەیە. لە مێژوی خۆیشیدا هەندێک جار ناکۆکییەکان مۆرکێکی ئایینییان وەرگرتوە، وەک جەنگی خاچپەرستان، هەندێک مۆرکێکی ئایینی بە ململانێی عەرەبی ئیسرائیلیش دەدەن.



### ١ - ئیسلام

فەلەستین ئەو خاکە پیرۆزەیە، کە خودا لە قورئاندا باسیکردوە، وەک سورەتی (الاسراء): "سبحان الذي اسرى بعبده ليلا من المسجد الحرام الى المسجد الاقصى الذي باركنا حوله". هەروەها سورەتی (الانبياء): "و نجيناه و لوطا الى الارض التي باركنا فيها للعالمين". باسی بەسەرهاتی مریەم و عیساشی کردوە، کاتێک فەرمویەتی: "فحملته فانتبذت به مكانا قصيا" (مریەم: ٢٢). ئەو شوێنەش دۆڵێکە لەنێوان بەیت لەحم و قودسدا. هەروەها قودس ماوەی شانزە تا حەڤدە مانگ، یەکەم قیبلەی موسڵمانان بو و هەر لەوێشەوە پەیامبەری ئیسلام چوەتە ئاسمان. جگە لەوانەش مەزارگەی چەند پەیامبەرێک و چەندین شوێنی پیرۆزی موسڵمانان لەو وڵاتەدان.
سەرەڕای هەمو ئەوانەش، پێنج نوێژەکەی موسڵمانان لەسەر خاکی قودس فەرزکرا و هەر لەوێش پەیامبەری ئیسلام نوێژی بە پەیامبەرانی تر کرد.

### ٢ - مەسیحیەت

فەلەستین لای مەسیحییەکان پێی دەوترێت شوێنی پیرۆز، چونکە بە باوەڕی ئەوان عیسای مەسیح و مژدەدەرانی لەوێ ژیاون و مردون و زۆربەی روداوەکانی ناو (سەردەمی کەونارا) و (سەردەمی نوێ) لەوێ رویانداوە. زۆرێک لە شوێنە پیرۆزەکانی مەسیحییەکان لە فەلەستیندان، لەوانەش: شاری بەیت لەحم، شوێنی لەدایکبونی مەسیح و کڵێسای مەهد، هەروەها شاری ناسرە کە تیایدا مژدەی لەدایکبونی عیسا بە مریەم درا، لەگەڵ شاری قودس، یان ئۆرشەلیم (لای مەسیحییەکان) کە مەسیح تیایدا گەورەبوە و بانگەوازی بۆ ئایینەکەی کردوە. هەر لەوێش، بە باوەڕی مەسیحییەکان، لەخاچدراوە و نێژراوە و باوەڕیان وایە گۆڕەکەی لەناو کڵێسای قیامەی شارەکەدایە. جگە لە چەندین شوێنی پیرۆزی تریان لە شارەکانی جەلیل و جەنین و خەلیل. ساڵانە هەزاران مەسیحی دێنە بەیت لەحم و قودس و ناسرە و چەند شوێنێکی تریش.

### ٣- یەهودیەت

یەهودیەکان بە فەلەستین دەڵێن خاکی ئیسرائیل، یان بە عیبری: ئیرتس ئیسرائیل. هەروەها سەرزەمینی بەڵێندراویشی پێدەڵێن، وەک ئەوەی لە (سەردەمی کەونارا)دا هاتوە: ئەو خاکەی خودا سوێندی بۆ باوانتان، ئیبراهیم و ئیسحاق و یەعقوب خواردوە، کە بیداتە ئەوان و نەوەکانی دوای خۆیان. ئیسحاحی یەکەم: ٨.
لە باوەڕی یەهودیەکاندا فەلەستین، ئەو سەرزەمینەیە کە شانشینی ئیسرائیلی تێدا دامەزرێنرا، پێش ئەوەی دابەشبێتە سەر دو شانشینی ئیسرائیلی باکور و یەهودادا. جولەکەکانی ئێستا خۆیان بە نەوەی

شانشینی یەهودا دەزانن، کە پایتەختەکەی ئۆرشەلیم (واتە شاری قودس) بوە و بڕوایان وایە کە پەیکەرەی سولەیمانی تێدایە، کە ئەویش ناوەندی کۆنی یەهودیەکانە. لە کەلەپوری یەهودیەکاندا شارەکانی قودس و خەلیل و تەبەریا و سەفەد چوار شاری پیرۆزن، چونکە چەند جێگەیەکی تایبەتیان تێدایە. جگە لە چەند جێیەکی تری پیرۆز لە شارەکانی خەلیل و جەلیل.

## ئابوری



ئابوری ناوچەکانی فەلەستین، بەهۆی رێوشوێنە توندەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل و داخستنی بەردەوامی سنور و دەروازەکانەوە، ئابورییەکی فشۆڵە. تا ساڵی ١٩٨٠ رێژەی داهاتی تاکی فەلەستینی لە زیادبوندا بو، بەڵام لە هەشتاکاندا زۆر کەمیکرد. ئێستاش سەرەڕای شیکڵ، دیناری ئوردن و جونەیهی میسری وەک دراو بەکاردێن. بەڵام پێش جەنگی ١٩٤٨ جونەیهی فەلەستینی بەکاردەهات.

بەڵام ئابوریی ئیسرائیل، بە یەکێک لە ئابورییە هەمەڕەنگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا دادەنرێت. داهاتی تاک لەو وڵاتەدا بەرزترین ئاستی داهاتە لە هەمو جیهاندا، بەوەی دەگاتە نزیکەی ٢٨ هەزار دۆلار. ئابورییەکەی پشت بە پیشەسازیی تەکنۆلۆژی و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار دەبەستێت، جگە لەو یارمەتییە زۆرەی لە ئەمەریکاوە بۆی دێت.

خەلیل و غەزە و نابلس بە گرنگترین ناوەندە پیشەسازییەکانی ژێر دەسەڵاتی فەلەستینی دادەنرێن، کە تیایاندا سابون و خوری و تەختە و مادە کانزاییەکان و کەرەستە کارەباییەکان بەرهەمدەهێنرێن.

## خوێندن

رێژەی خوێندەواری لە کەرتی خۆرئاوا و کەرتی غەزە بە پێوەرە جیهانی و هەرێمییەکان بەرزە، بە بەرزترین رێژەی جیهانی عەرەبی دادەنرێت. رێژەی خوێندەواری لەم ساڵانەی دواییدا گەیشتوەتە ٩١ %، رێژەی خوێندنی ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ بۆ ٢٤ ساڵە گەیشتوەتە ٩٨ %.

چەند زانکۆیەکی پێشکەوتو و ناودار قودسیان کردوە بە بارەگا، بەرنامەی خوێندنیشیان بە زمانەکانی عەرەبی و عیبری و ئینگلیزییە، لەوانەش زانکۆی عیبری، کە لە ١٩٢٥ دامەزراوە و بە یەکێک لە باشترین ١٠٠ زانکۆکانی جیهان دادەنرێت. هەندێک لە دیارترین بیرمەندانی جیهان ئەندامی ئەنجومەنی ئەمیندارانی ئەم زانکۆیە بون، لەوانەش ئەلبێرت ئاینشتاین و سیگمۆند فرۆید.

## گەمارۆدان

دەسەڵاتی ئیسرائیلی بەتەواوەتی گەمارۆی کەرتی غەزەی داوە، ناهێڵێت کەس بێتە ناوەوە و کەسیش دەربچێت، ناهێڵێت کەرەستەی بیناسازی و خواردەمەنی و دەرمانی بۆ بێت، ئەوەش ئابوریی کەرتی غەزەی تەواو لاوازکردوە. بیانوی ئیسرائیل ئەوەیە بزوتنەوەی حەماس، هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی ئەو.

لە بەرامبەردا فەلەستینیەکان وازیاننەهێناوە، بەڵکو لەسەر سنوری میسر تونێلییان دروستکردوە و لەوێوە هەمو پێویستییەکانی خۆییان دەهێنن، بە ئۆتۆمبیلیشەوە.

## پرسی فەلەستین یان ناکۆکیی فەلەستینی - ئیسرائیلی

مەبەست لە پرسی فەلەسینی ئەو ناکۆکییە سیاسی و مێژویی و کێشە مرۆییەیە کە لە ساڵی ١٨٩٧، واتە لە کۆنگرەی یەکەمی زایۆنییەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. بەشێکە لە ململانێی عەرەبی ئیسرائیلی و هۆکاری چەندین قەیران و جەنگە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا.



ئەو کێشەیە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بەهۆی سەرهەڵدانی زایۆنیزم و کۆچی جولەکەکانەوە بۆ فەلەستین دروستبوە، نابێت رۆڵی وڵاتە زلهێزەکانیش لە ناوچەکەدا لەبیربکەین. ئەو کێشەیە پەیوەندی بە شەرعیەتی ئیسرائیل و پەنابەرانی فەلەستینی و بەرگری عەرەبی دژ بە ئیسرائیل و دەرچونی چەند بڕیارێکی نەتەوە یەکگرتوەکانیشەوە هەیە، لەوانەش بڕیاری ژمارە ١٩٤ و ٢٤٢.

ئەو کێشەیە بە سەنتەری ململانێ عەرەبی ئیسرائیلییەکان دادەنرێت و گرنگییەکی میدیایی فراوانی پێدەدرێت، هەندێک جار لایەنە زلهێزەکانیش دێنە هاوکێشەکەوە و چەندین حساباتی تری تێکەڵدەبێت، وەک ململانێی خۆرهەڵات و خۆرئاوا و پەیوەندی ئایینەکانی یەهودیەت و مەسیحیەت و ئیسلام پێکەوە و پەیوەندیی عەرەب بە خۆرئاواوە و گرنگی نەوتی وڵاتە عەرەبییەکان بۆ خۆرئاوا، لەگەڵ گرنگی و هەستیاریی پرسی جولەکەکانی خۆرئاوا، بەتایبەتی پاش جەنگی جیهانیی دوەم و هۆلۆکۆست و دژایەتیکردنی رەگەزی سامی. لە جیهانی عەرەبیشدا هەندێک لە رۆشنبیران دەیبەستنەوە بە پرسی رێنیسانسی عەرەبی و سیستەمە تۆتالیتارەکان و لاوازی دیموکراسیەت لە جیهانی عەرەبیدا.

سەرچاوە : ماڵپەری سبەی

# سیمبۆڵی "ئاڵا" و "نیشتمان" لە شیعری پەشێودا.

بەشی دووهەم



هەڵۆ محەمەد

**٢٢,٣,١٩٧٢ (یەکەم مەهرەجانی شیعری کوردی لە کەرکووک).**



مناڵەکان!
ئەی بێلانە ژینتاڵەکان،
شەو لە خەوما رێبوارێک بووم،
بۆ بارەگای (یۆتان) دەچووم.
کە دەروازەکەی قووتی دام،
رەشم بینی . ئاڵای هەبوو،
سپیم بینی . ئاڵای هەبوو،
هەرچیم بینی . ئاڵای هەبوو.
قیژاندییان:

"ئەی بێ وڵات، بۆ دەرەوە!
ئەی بێ ئاڵا، بۆ دەرەوە !"
منیش گوتم:
" مەقیژێنن!
کە دەچمەوە،
ئەم چیرۆکە بۆ مناڵان دەگێڕمەوە!" ل... ٢٣٨

چەندم کرد و کۆشام، نەمتوانی تاکە وشەیەک، یان خاڵێک، لەم تابلۆ بەرزە شیعرییە بپچڕم، چونکە پەیوەندیی ئۆرگانیی و هارمۆنیی شیعرەکە رێگە نادات. ناکرێ ملوانکەیەکی مرواریی بپچڕین و دەنک دەنک نیشانی بدەین و بڵێین ئەمە ملوانکەیە و قسەیان لەسەر بکەین، یا، بە واتایەکی دیکە، ناوێرم لەو گەوهەرە شیعرە تەنیا کۆپلەیەکی بۆ خوێنەر راگوێزم.
رەنگە خوێنەر لەگەڵمدا هاوڕا بێت و بزانێ چەند ئەستەم و دژوارە ئەم ناو و چەمکانە "من، مناڵ، رێبوار، بارەگای یۆتان، رەنگ ، قیژاندن، بێ ئاڵایی کورد" بە تەنیا بخەمە بەر دیدی.
مناڵ، کاراکتەرێکی هەمیشە ئامادە و چالاک و هیوا لەسەر هەڵچنراوی نێو شیعری پەشێوە. مناڵ هێمای ئایندەیەکی ئاسۆ فراوانتری پڕ لە بەختەوەری و چارەنووسێکی گەشتترە. منداڵ تـوخمێکی بێگەردە و کەڵکی وەکاربردنی ماوە و هێشتا بە کارتێکردنی سیاسەتی کوردی چەواشە و سەقەت نەبووە. منداڵ کەرەسەیەکی خاوە و دەکرێت ببێتە هەوێنی پرۆژەیەکی گەورەتر لە خەونە زڕ و نامۆکانی دنیای دەرەوەی ئەقڵی نەزۆکی کوردی. ئەم شیعرە هەڵگری پەیامێکی مێژوویی و ناسنامەیەکی خەمگینی کەرامەتی رووشاوی تاکی کورد و مێژووی مرۆڤایەتییە.
ساتێ پەشێو لە رەفتار و گوفتاری کاراکتەرەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسەتی کوردی بێ هیوا دەبێت، جارێکی دیکە روو لە مناڵان دەکات و هیوایان لەسەر هەڵدەچنێ و چیرۆکی خەمباری و دڵشکاویی خۆی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەخاتە ناو هەگبەکەیەوە، بڕیار دەدا لە گەڕانەوەیدا مەرگەساتی نەتەوەی بێ ئاڵایان بە وردی بۆ بگێڕێتەوە.
پەشێو، کە تەماشای نەخشەی دنیا دەکات، لە جوگرافیای هیچ کیشوەرێکدا وڵاتی بێ ئاڵای وەک کوردستان بەو زەقییە نابینێ. چیرۆکی نەتەوەی بێ ئاڵاش ئەو باسە پڕ جۆشەیە، کە هەرگیز لە بڕانەوە نایەت. شاعیر لە هەر شوێنێ میوان بوو بێت و بە دیداری هەر کەسێک گەیشتبێ، یاخود هەر دەرفەتێکی بۆ رەخسابێ، بە سوودی کوردایەتی دەنگی هەڵبڕیوە و هەلی قۆستۆتەوە و رەنگی خۆی نیشان داوە.

٥,١٩٧٣

وەک بیستوومە،
ئەو کۆترە مانگرتووە،
لە ئاسمانی وڵاتێکی بێ ئاڵادا،
بە شریخەی تفەنگ نەبێ،
قەت لە شەقەی باڵی نادا! ل... ٢٥٣

لای پەشێو هاوکێشەکە روون و ئاشکرایە، داگیرکەران هەر وان. لە زمانی شەڕ بەولاوە چ زمانێکی تر تێناگەن. ئەوان هەردەم بە زەبری شۆڕش و راپەڕین و بە ناچاری وڵاتـی داگیرکراویان بەجێهێشتووە. ئینگلیز بەرگەی خەباتی هیندی نەگرت، ئەوجا هیندستانی چۆل کرد و ئەمەریکاش ڤێتنام و ...هتد.
سروشتی داگیرکەرانی کوردستان، لەبەر هەندێک هۆ، کە ڕیشەیان بۆ کولتووری هەزاران ساڵەی ناوچەکە دەگەڕێتەوە، بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی لە سروشتی داگیرکەرانی کلاسیکی جیا دەکرێتەوە. ئاسەوارەکانی سیاسەتی داگیرکەرانی نیشتمانی کورد قورستر و دژوارترن، ئەو جێبرینانەی بە جەستەی زمان و کولتوور و ئابووری و ئاکاری نەتەوەیی و تەنانەت داب و نەریتیشەوە بەجێی دەهێڵن قووڵترن و بە ئاسانی سارێژ نابن. فارس و تورک و عەرەب، بە تێکڕایی، بە درێژایی ٢ هەزارساڵ زیاترە شانی گرانی داگیرکاری و رووتاندنەوەیان لە کوردستان داداوە. هەرگیز بەتەمای بارکردن نین و نایانەوێ

دەست لە یەخەی نیشتمانی کورد بکەنەوە. پەشێو ئەم چیرۆکە باش دەزانێ و لێی بە ئاگایە، هەر بۆیە، تاکە ئەلتەرناتیف لە دەستدانە چەک و لوولەی تفەنگدا دەبینێتەوە. پەشێو بۆ خۆی عاشقەشەڕ و خوێنخواز نییە، وەلێ لە لایەک دڕندەیی و چەپەڵی داگیرکەر و لە لایەکی دیکەوە خۆشەویستیی نیشتمان و نیگای فراوانی سەربەخۆییخوازی و پیرۆزیی چەمکی ئازادی قەناعەتی دەستدانە چەکیان لا دروست کردووە.

١٧,١٠,١٩٧٤

کاتێ خوێنم فڕکەی کرد و
وەکوو چەپکە گڕێک پڕژا
بەسەر عەردا
جەللادەکان
هاتن... پەنجەیان تێوەردا
هاتن... چیلکەیان تێوەردا:
پیتی ناوێکی سەربڕاو،
نەخشەی وڵاتێکی دزراو،
تێکەڵاوبوون وەک تانوپۆ.
یەکالایان نەکردەوە،
هەرچەند پەنجەیان تێوەردا،
هەرچەند چیلکەیان تێوەردا! ل... ٣١٣

لە هەر تکە خوێنێکی شاعیردا ناو و نەخشەی نیشتمان نەخش بووە. پەشێو خانە بە خانەی جەستەی لە خۆشەویستیی وڵات داڕێژراوە. داگیرکەر چەند نەخشەی وڵاتی لێ قەدەغە کردبێ، دیسان پەشێو پەنایەک، حەشارگە و داڵدەیەکی لە جەستەی خۆیدا بۆ پاراستن و هەڵگرتنی نیشتمان پەیدا کردووە. هەر بۆیەشە، نیشتمان بە نەمری لە ناخی شاعیردا ماوەتەوە.

١٨,١,١٩٧٩

بۆیەکەم جار، بە ئاشکرا،
نەخشەیەکم لە دیوار دا
(ئەوەی بە ڕۆژ
لە ئەتڵەسی دنیا دزرا). ل...٤٤٨

لە سایەی تانک و تۆپی داگیرکەردا، دوای ماندووبوونێکی زۆر نەخشەی دزراوی وڵاتە داگیرکراوەکەی دەست دەکەوێ، دەستبەجێ، بێ ترس و سڵەمینەوە، لە ناو خوێن و دڵیدا دەیهێنێتە دەرەوە و بە دیواری ژوورەکەیدا هەڵیدەواسێ. لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا بێوچان لە خەباتێکی سەخت و دژواردایە و عەوداڵی ئەوەیە، نەخشەی دزراو بخاتە ناو پێکهاتەی نەخشەکانی دیکەی ئەتڵەسی جیهان.

٢٥,٢,١٩٨٠

بەس تەماشای ناولەپم کە!
خۆ من نامەوێ پێم بڵێی
دەبم بە باوکی چەند مناڵ،
ژەنگین دەبم ، یا هەروا لات...
تەنیا شتێکم پێ بڵێ:
هەتا ماوم وەک تۆ دەژیم،
یاخۆ دەبمە خاوەن وڵات؟! ل... ١٥

پەشێو بەوپەڕی پەرۆشەوە وێڵ و سەوداسەری نیشتمانە. خەمی بێوڵاتی هەمیشە سەرتۆپی ژانە قورسەکانێتی و گینگڵی پێوە دەدا. نە چاوترووکانێ بە کامی دڵ پشوویەک دەدا، نە لەسەر بستە زەمینێکیش پرسی نیشتمان یەخەی بەردەدا. ئازاری ئەم خەمەی شاعیر هێندە بە سوێیە، تەنانەت سکاڵای دڵی خۆیشی لای قەرەجێکی بێ وڵات دەکا. دەترسێ خۆشی وەکوو قەرەجێک هەمیشە نیشتمان لە کۆڵ و ئاوارەی وڵاتان بێت.
١٩,١٢,١٩٨٠

مەزاد... مەزاد...
هەرچیم هەیە، هەمووی مەزاد....
بە پارچەیەک پەڕۆی سادە،

که هەڵبکرێ و بشنێتەوە
لەسەر بستێک زەویی ئازاد!
مەزاد...مەزاد...
هەرچییم هەیە... هەمووی مەزاد! ل... ٥٣

شاعیر هەموو ئەو بەها و کەرەسانەی لای من و تۆ نرخیان هەیە دەیانخاتە مەزادەوە و ئامادەیە بە پارچەیەک پەڕۆیان بدا!! شاعیر لێرەدا بە رووالەت هەڵگری سیفەتی بازرگانێکی ناشی و بێئاگایە، مامەڵەیەکی نەزانانە بەو هەموو شتە جوان و بەقیمەت و نازدارانەی هەیەتی...... دەکات لە پێناوی کوتە پەڕۆیەکدا.
نا، براله، پەشێوێک ژیان و مردنی خۆی بە خۆشەویستی خاک و نەتەوەکەیەوە گرێ دابێ، لەسەر سەکۆی تێگەیشتنێکی بەرزەوە لە پیرۆزی و بەهای ئاڵا بڕوانێ، ئاڵا بیبیلەی چاوی بێ و نیشتمان هێز و هەناوی بێ، دیارە باش لە مەسەلەکە گەیشتووە و گەلێ ژیرانە مامەڵە و سەودا لە تەک قازانج و زیان دەکات. ئەو هەم هەست بە بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەکەی دەکات، هەمیش بە سانایی تاڵانفرۆشیان ناکات.
ئەو پارچە پەڕۆیە، مایەی شانازی و سیمبۆلی پڕ لە بەهای نیشتمان و نەتەوەیە. ئەو کوتە پەڕۆ نەخشاوە بە ڕەنگی سوور و سپی و سەوز ، لە نێوەندیدا تیشکی خۆرێکی زەرد، بە ٢١ چوکڵەوە پێی دەوترێ ئاڵا. بۆ گەلێک لەسەر خاکی خۆی بژی، ئاڵا شتێکی کەمالی نییە، بەڵکو سەرەتایە دروستەکەی ڕێی پێشکەوتنی مادی و مەعنەوییە. نەبوونی ئاڵا بۆ کورد ئەوە دەگەیەنێ، کە تۆ ڕەنجبەری گەلێکی دیکەی لە خۆت بەهێزتر و لێوەشاوەتری. هەر گەلێکیش لەسەر خاکی خۆی، لەناو ماڵی خۆی، قایل بێ بە ڕەنجبەریکردن بۆ گەلێکی دی، ئەو گەلە هیچی هی خۆی نییە و ئەوەی هەشیەتی کۆیلەدارە سەردەستەکە بە منەت پێی داوە و هەر ساتێک ئارەزوو بکا لێی دەسەنێتەوە.
پەشێوی شاعیر، چونکە بەردەوام سەوداسەری راستگۆیانەی خۆشگوزەرانی نەتەوەکەیەتی، بە دووی بەختەوەریدا عەوداڵە. هۆشیارانە دەرکی بە گرنگی ئاڵا کردووە، بۆیەکا هەر هەموو شتێکی کردۆتە قوربانی...
لۆژیکی هاوکێشەکە پێچەوانە خۆی دەدات بەدەستەوە. گەر کورد لە سنووری وڵاتێکی بەرەسمی ناسراودا، خاوەنی ئاڵای شەکاوەی خۆی بێت، ئەوجا دەبێتە خاوەنی هەموو شتە پیرۆز و بەنرخ و جوانەکانی دیکە. ئەودەم پەشێویش ناچار نابێ کڵاوی زێڕین و خەنجەری دەبان و پشتێنی پۆپەشمین و کەوای سوورمەچنی خۆی و وڵاتەکەی هەرزانفرۆش کات. لە بری ئەوەی بیانباتە مەزاتخانە، لە مەحکەمترین و رازاوەترین مۆزەخانەی دەوڵەتی کوردستاندا دەیان پارێزێ.
١٢,٩,١٩٨٤

موفاوەزات
ئەی گوایە بۆ دڵخۆش نەبین؟
ئەی گوایە بۆ هەڵنەپەڕین؟
چیمان کەمە؟!
وا کەشتیمان روو لە کەنار، پشت لە بایە،
خێروبێری کۆمپانیای خوێن
شەپۆل داوێ، بنی نایە،
سەرمان بەرزە وەک ئاڵامان،
هاوڕێی هەور و لووتکەی چیایە! ل...١١٣

مێژووی گفتوگۆ یا موفاوەزاتی کورد لەگەڵ داگیرکەراندا لە گەمەیەکی سیاسی دۆڕاو بەولاوە هیچی دیکەی لێ بەرهەم نەهاتووە. چونکە سەرانی حیزبی کوردی، بە خێرێ لە سێبەری داوای ئۆتۆنۆمیدا بۆ مافی کورد لەگەڵ داگیرکەردا دەستبەتاڵانە و شەرمنانە و زەلیلانە کەوتوونەتە موفاوەزات. بێ ئەوەی سەنەدی تاکە دەستکەوتێ بەدەست بهێنن، زۆر پۆزەتیڤانە دەکەونە پەسندانی داگیرکەران، چاوەڕێی داری زڕ بەریان بۆ بگرێت. بە کورتی و کرمانجی زۆر زوو دەبن بەداوی گرێی خۆ بەکەمزانی و برابچووکییەوە.
جارێکی دیکە ئاڵا سەربڵند و شکۆمەندە، بۆیە دەبێتە مایەی شانازیی پەشێو. شاعیر خۆی لە سەنگەری گەلدا دەبینێتەوە، لۆما بە کۆ قسە دەکات.
٣٠,٤,١٩٩١

زۆری نەبرد،
هەڵیکردە کزەبایەک،
بینیم... پەلکەزێڕینە
شەکایەوە و بوو بە ئاڵا! ل... ٢٥٠

بەهاری ١٩٩١ لە باشووری وەک هەر وەرزێکی دیکەی ساڵانی رابردوو نەبوو.
ستەمی بەعسی عێراقی دەرهەق بە کورد بە چڵەپۆپەی تاوانکاری گەیشتبوو. رۆژی ٥ی مارچی ١٩٩١ جەماوەری کورد خرۆشا و شاری رانیە بووە دەروازەی هەڵڕشتنی رق و تووڕەیی کورد بەسەر دامودەزگاکانی بەعسدا. لە چەند رۆژێکدا کوردستان لە داگیرکەر پاککرایەوە و ئاڵای رەنگین لە سەرانسەری وڵاتدا شەکایەوە. ئەمە ئەو چرکەساتە مێژووییە بێهاوتایە بوو، کە پەشێو ساڵانێکی دوور و درێژ بوو بۆی دەژیا. لە گەڵ هەڵاتنی ئەم رۆژە پیرۆزەشدا شاعیر هێندێک بە ووریاییەوە باوەشی گەرمی بۆ دەکاتەوە، ئاخر ئەو ماهییەتی حیزبی کوردی چاک دەناسی، بۆیەکا دەبینین بە دیقەتەوە و زۆر کارامانە دەستەواژەی کزەبای بەکار هێناوە. کزەباش بە وەرز و کاتییە، بەسەر دەچێ و نامێنێ. ئا لەم روانگەیەوەیە لە کۆپلەکانی دواتردا، پێناسەی رەفتار و بیرکردنەوەی حیزبی کوردیمان بۆ دەکات و دەڵێ:
١٩٩۴

بەیانی هەڵسام،
دەست شەتەکدراو...

پێ شەتەکدراو...
دەم شەتەکدراو...
بە زیندوویەتی ئاوەڕووتکراو...
چەمی ئومێدم بوو بە ئاوەڕۆ
ئاڵای شەکاوەم بوو بە دوو پەڕۆ! ل... ٤٣٢

ئاڵا لای پەشێو جارێکی دیکەش دەبێتەوە بە پیرۆزترین سیمبۆڵ. ساتێ حیزبی کوردی پارچە پەڕۆ، یا هێمای حیزبییان لە ئاڵای نەتەوە لا پیرۆزتر دەبێت، شاعیر ئەمە بە دوا پلەی شکستەکان و بە نزمترین ئاستی هۆشیاری و لاوازترین ئەڵقەی پەیوەستبوون بە نەتەوەوە دادەنێ.
نەک هەر ڕۆڵەی هیچ میللەتێ، بگرە حیزبی هیچ میللەتێکیش، ئاڵای نەتەوەکەی خۆی بە پارچە پەڕۆی حیزب ناگۆڕێتەوە و لە ڕۆژگارێکی چارەنووسسازدا پەڕۆی حیزب لەبری ئاڵای نەتەوەیی بڵند ناکا و ڕێگەش بەوە نادا ئومێد و ئارەزووی گەل ببێتە ئاوەڕۆ.
ئەوەی شەرەپەڕۆی حیزبی لە تاوانی کوردکوژیدا تۆماری کرد، دزێوترین و چەپەڵترین لاپەڕەکانی مێژووی هاوچەرخی کوردی گرتۆتەوە و چەپەڵ کردووە.

خەونێکم دی:
لەو خەوەدا ئاهرومەزدە گەڕابۆوە
نیشتمانی کەفناری کورد
هەوری ئاسمان لاڵوپاڵ بوو
لەبەر زرمەی گەڕی شایی و
هاتوهەوی شاسواری کورد
بەیانیان ئاوێزانی گزنگ بووم،
تێمدەچریکاند بۆ خاک، ئاڵا، ئاکاری کورد
ئێوارانیش ڕێی ژوانم گوڵرێژ دەکرد
بۆ کورگەل و کیژۆکاڵی دڵداری کورد ل... ٤٤٤

لە سۆنگەی بارودۆخی نەتەوەوە شاعیر بەدەگمەن ئاسوودەیە. بەختەوەریی ئەو دەرئەنجامی کامەرانیی میللەتەکەیەتی و تەنانەت لەو چرکەساتە دەگمەنانەشدا، کە شاعیر خەونێکی خۆش دەبینێ، ئا لەو ساتانەشدا هەر سروود و گۆرانی بۆ نیشتمان و ئاڵای شەکاوەی دەچڕێ.
لێ کاتێ بەرەی دژە کوردایەتی دەکەوێتە سەنگەری بەرەنگاربوونەوەی میللەت و پێشێلکردنی مافەکانی و سووکایەتیکردن بە هێما پیرۆزەکانی، ئەوەدەم پەشێو بە زمانێکی زبر، بێ سڵوکۆکردن و پرینگانەوە لە هیچ هێزێک، دەکەوێتە ڕەخنەگرتن لە ڕەفتار و گوفتاری ئەو دەسەڵاتە. سروشتی ئەو حیزبانەی بەردەوام لەسەر بەها پیرۆزەکانی نەتەوە سازشیان کردووە و بەردەوام دەیکەن لای پەشێو نامۆ نەبوو و نییە. ئەوەتا لەم کۆپلە کورتەدا مکوڕ لەسەر هەڵوێستە ناسراوەکانی خۆی و پێناسەی ئەو دەستە و تاقمەمان دەخاتە بەردەست و دەنووسێ:

دۆبڕن...دۆبڕن...دۆبڕ!
بڵێ: هانێ،
ئەمە ئاڵای سەفرازی،
ئەوان کفنت بۆ هەڵدەکەن.
بڵێ: هانێ،
ئەمە کەوسەری سەرکەوتن،
ئەوان ژەهری تێشکانی تێکەڵ دەکەن. ل... ٤٥١
١٩٦٥

تف لەو بەژنە، لەو باڵایە،
لەو سەر و ملە واڵایە،
تف لەو دڵە پڕ،سستییە
کە هەر فێری ژێردەستییە!
تف لە جوانیی ئەو دوو چاوە،
کە بۆ چاوبازی خوڵقاوە..
نابینێ نیشتمانەکەی...
ئازاری خاکە جوانەکەی.
تف لەو گوێچکە، چەند سەگسارە!
چەندە مووچە بۆ دەنگی پارە!
بەڵام دوورە لە بیستنی
کوردایەتی و پەرستنی ل... ٢٩

مالپەری هەڵۆ محەممەد

# مێژووی مەسیحییەت

## بەرەبەیانی مەسیحییەت (١٠١ بۆ ٣١٢)

*وتارە سەرەکییەکان: بەرەبەیانی مەسیحییەت و چەوساندنەوەی مەسیحییەکان*

دوایین نوێژی مەسیحییەکان لەکاتی ئاهەنگی ئەشکەنجەدانیان لە کۆلۆسیۆم، ڕۆما. تابلۆی ژان لیۆن جێرۆم



لەسەرەتای سەدەی دووەمی زایینیدا، مەسیحییەت بریتیی بوو لە کۆمەڵێک جەماعەتی پەرتەوازەی بچووک لەنێو کۆمەڵگادا لەنێو ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانیدا، هێزی باوەڕ و ڕۆشنبیری ڕۆمانییان شتێکی ناسراو بوو، ئەمە بەدەر بوو لەو کەسانەی کە نوێ بوون بۆ ئایینەکە. لەلایەکی ترەوە، گەورەترین ترس بۆ ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانی بریتیی بوو لە ڕەتکردنەوەی مەسیحییەکان بۆ پەرستی ئیمپڕاتۆر کە ڕەگەزی یەکبوونی ئیمپڕاتۆرییەتەکە بوو، ئەمە جگە لە ڕەنکردنەوەیان بۆ سەرجەم بۆنە فەرمییەکان، هەروەها ئاشکرا کردنیان بۆ قۆرخکردنی ڕاستی و هەڵبژاردنی مردن لەبری لادان لە ئایینەکە، هەر ئەمەش بوو وایکرد کە وتاردەری ڕەوانبێژ لۆقیانۆس بڵێت کە ئەمانە مێشک و بیریان سووک و سادەیە و تاوانبار نین بەڵکو یەسووعی دووڕوو هەڵیخڵەتاندوون و پێشەوا ئایینیەکانیش یارییان پێ دەکەن.[١٢]، لەگەڵ ئەمەشدا مەسیحییە پێشەنگەکان ئەوەیان بەشێوەیەکی تایبەت ڕەت دەکرەوە کە لەیەک خستن هەبێت بە زانستە دنیاوییەکانەوە بەهۆی پەیوەندیداربوونی بەشێوەیەکی قایمەوە بە ئایینە بتپەرستەکانەوە. [١٣]، ئەمە وایکرد کە مێژووناسی ڕۆمانی سەلەس دەوروبەری ساڵی ١٧٥ لۆمەی مەسیحییەکان بکات لەسەر پاڵپشتیکردن و بەرگریکردنیان لە نەزانی خۆیان. [١٤].

باردودۆخەکان لەدوای نیوەی سەدەی دووەمی زایینییەوە بەرەو گۆڕان چوو، چوونکە مەسیحییەکان درکیان بەوە کرد کە دووەمین گەڕانەوەی چاوەڕوانکراوی یەسووع کاتێکی زۆر درێژ دەخایەنێت و مانەوەیان لەسەر زەوی درێژە دەکێشێت، بۆیە هەوڵیان دا کە باوەڕەکەیان بەشێوەیەکی پڕتر لە عەقڵانییەت و سیستەم پێشکەش بکەن بە بەکارهێنانی ڕۆشنبیرییەکانی سەردەمەکەیان، ئەم درکپێکردنە گەیشتە ئەوەی کە ئەگەر کڵێسا نەیەوێت ڕەزاگران بێت لەلای کۆمەڵگا، ئەوا پێویستە لەسەر کە بەزمانی ڕۆشنبیرانی سەردەمەکە و خودی سەردەمەکە خۆی قسە بکات[١٥]، بەم جۆرە یەکەمین بەرگریکار لە مەسیحییەت جۆستینۆس بوو کە کوژرا لە ماوەی چەوساندنەوەکانی ساڵی ٥٦٠ دا.[١٦]. لەدوای ئەمەشەوە نووسراو پەڕتووکەکانی بەرگری ڕووی لەزۆربوون کرد؛ هبراپۆلیس، ئەبۆلینارۆس و میلتۆن نووسراو و پەڕتووکەکانیان پێشکەشی ئیمپڕاتۆر مارکۆس ئۆریلیۆس کرد، هەروەها ئەسیناگۆراس و مێلتادیس نووسراوەکانیان بڵاوکردووە لەدەوروبەری ساڵی ١٨٠دا[١٧]، کەسانی ڕۆشنبیریش وەکوو کجولیانۆس و ئەگناتیۆس کە بووبوونە مەسیحی؛ بەشدارییان کرد لەڕێگەی خۆشکردن بۆ مەسیحییەت کە بچێتە ناو کۆمەڵگایەکی زاڵەوە. لەکۆتایی سەدەی دووەمدا ئیدی کێشەیەکی ئەوتۆ بوونی نەما، بەجۆرێ کە تەنانەت باوکانی مەسیحیش منداڵەکانیان دەنارده قوتابخانە بتپەرستییەکان چوونکە لەپەروەردەیەکی مەسیحی درووست جیاواز نەبوو تەنها لە کۆرسە ئایین و ئەخلاقییەکاندا نەبێت[١٨]، هەروەها قوتابخانە مەسیحییەکان و پەڕتووکە مەسیحییەکان پەیدابوون دامەزران لەگەڵ دەستپێکی سەدەی سێیەمی زایینیدا و ژمارەی مامۆستایانی مەسیحی لە قوتابخانە یۆنانییەکان و ڕۆمانییەکاندا ڕووی لە زۆربوون کرد و لەساڵی ٢٦٤دا ئەناکۆلیۆس بووە سەرەک قەشەی لازقیە، یەکەمین ڕاگری مەسیحی لە کۆلیجی فەلسەفە لە زانکۆی ئەسکەندەرییە، پاشان قەشە مالیخۆن بووە بەڕێوەبەری قوتابخانەی وتاردان و ڕەوانبێژی لە ئەنتاکیە.

ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵەرەوان وا دەبینن کە مەسیحییەت لە یەهوودییەتەوە گەلێک نزیک بووە لەڕووی داب و نەریتەوە تا کۆتایی سەدەی دووەمی زایینی، بەڵام لەدوای ئەو بەروارەوە مەسیحییەت چووە ناو شارستانییەتی هێلینییەوە کە بوارێکی تری بڵاوبوونەوەی بۆ دەرەخسێنێت لەگەڵ دەستپێکردنی سەدەی سێیەمی زایینییەوە[١٩]، لەلایەکی ترەوە، ئێریک کۆفمان ئاشکرای دەکات کە مەسیحییەکان سیستەمێکی کۆمەڵایەتی چالاکییان لەسەر تیشکی ئینجیلەوە گەشە پێداوە، بەپێچەوانەی بتپەرستەکانەوە؛ مەسیحییەکان لەماوەی بڵاوبوونەوەی پەتاکاندا گرنگییان بە نەخۆشەکانیان دەدا ئەمە هاوشانی گرنگیدان بە کەمئەندامەکانیان، ئەمە جگە لە جەختکردنەوە لەسەر بەوەفابوونی نێرەکان لە هاوسەرگیریدا و یەکێتی ئەو هاوسەرگیرییە، ئەمە جۆرێک لە خێزانی سەربەخۆ و جێبەخۆگرتووی درووست کرد کە کۆمەڵگای ڕۆمانی لەدەستی دابوو، هاوشانی ئەمانەش یاریدەدەری ئافرەتە باوەڕدارە نوێیەکانیان دەکرد لەچوارچێوەی ئەو جێگیرییەدا تا منداڵیان ببێت و ژمارەیەکی زۆرتر لە منداڵ پەروەردە بکەن، ئەمە لەگەڵ هەبوونی ژیانێکی کۆمەڵایەتی بێ وێنە و بێ هاوتا لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵەیەکی دیاریکراودا و یارمەتیدانی بەردەوامیان بۆ یەکتر.[٢٠].

کێشەی سەرەکی کڵێسا لە ماوەی هەردوو سەدەی دووەم و سێیەمدا لە چەوساندنەوەی مەسیحییەکان لەلایەن ڕۆمانەوە خۆی دەبینێتەوە، لەسەرەتای دەرچوونی بەیاننامەی دەرکردنی مەسیحییەکان لەڕۆما لەساڵی ٥٨ دا و تەنانەت تا ساڵی ٣١٢، مەسیحییەکان دەیان ناڵاند لەجۆرەها جۆری چەوساندنەوە، کە ناخۆشترینیان بریتیی بوو لەچەوساندنەوەی نیرۆن کە ئاگرکەوتنەوە لە ڕۆمای لێ کەوتەوە، دۆمیتیانۆس کە سی و حەوت ساڵ بەردەوام بوو لەسەر چەوساندنەوەی مەسیحییەکان؛ سەرەتای ڕۆژژمێری ناسراو بە ڕۆژژمێری قبتی یان میسرِی دەستەبەر کرد، و بەپێی سەرچاوە و ژێدەرەکانی کڵێسای قبتی ئۆرسۆدۆکسی؛ سەدان هەزار کەس لەماوەی ئەو چەوساندنەوەیەدا کوژراون[٢١]، هەریەک لە تراجان، مارکۆس ئۆریلیۆس، سێپتیمۆس سێڤیریەس، ماکسیمین، دێکیۆس، جالینۆس، ئۆرلیان و دیۆکلتیانۆس، بەگشتی لەمێژووی مەسیحییەتدا بە ١٠ چەوساندنەوە گەورەکە ناو دەبرێن[٢٢]، بەڵام دۆخەکان بەرەو باشبوون چوو لەگەڵ دەرچوونی بەیاننامەی لێبوردانەی گالیریۆس و هەنگاوەکانی ئیمپڕاتۆر قوستەنتین کە بووە هۆی دەرچوونی بەیاننامەی میلانۆ لەساڵی ٣١٢ دا کە تێیدا دان دەنێت بە مەسیحییەتدا وەکوو یەکێک لە ئایینەکانی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی، وێڕای هەموو ئەو چەوساندنەوانەش، هێزی دیمۆگرافی مەسیحییەت گەشەی دەسەند لەگەڵ ئەوەی کە تا دەوروبەری ساڵی ٣١٢ ـەش لە ناو ئیمپڕاتۆرییەکەدا کەمینە بوون، بەڵام دواتر بوونە هێزێک کە ئیمپڕاتۆرییەت نەی دەتوانی دایان پۆشێت یان دانیان پیادا نەنێت.[٢٣].

## ئەنجوومەنەکانی کڵێسا و کەرتبوونەکان ٣١٢ بۆ ١٠٥٤)

*وتارە سەرەکییەکان: حەوت ئەنجوومەنی گشتی, قوستەنتینی یەکەم, ئیمپڕاتۆرییەتی بیزەنتی, ئاریۆسییەت, نەستوورییەت, ئەنجوومەنی خەڵقیدۆن, عومەری کوڕی خەتتاب, هەرتەقە, جەنگی ئایکۆنەکان و*



كەرتبوونی مەزن ساڵی ٣٨٠ی زایینی، مەسیحییەت بوو ئایینی فەرمی ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی، و لەساڵی ٣٣٠دا ئیمپڕاتۆر قوستەنتینی یەكەم هەڵستا بە گواستنەوەی پایتەخت لە ڕۆماوە بۆ قوستەنتینە، كە بووە بە ناوەندی مەسیحییەتی ڕۆژهەڵاتی و ناوەندی شارستانییەتی جیهانی، بەجۆرێ بووە بە مەزنترین شارەكانی دونیا لەو سەردەمەدا. [٢٤].

بەهۆی ئەوەی مەسیحییەت بۆ دوورترین شوێنەكانیش ڕۆیشتبوو، ئەبوو دابەشبوون كە كەرتبوون تێیدا ڕوو بدات، نەک تەنها لەڕووی ژینگەوە بەڵكو لەڕووی باوەڕیشەوە هەروەها، لەئاكامی زۆربوون ژینگەكان بۆ باوەڕداران بە ئایینەكە، كڵێسا لە سەدەی چوارەمی زایینیدا ڕووبەڕووی گەلێک لەو بزووتنەوانە بوو كە بەزمانی كڵێسا ناو دەبران بە هەرتەقەكان[٢٥]، زۆرینەوەی ئەم بزووتنەوانە كەم كاریگەر بوون بەبێ كۆششێكی زۆر دەپووكانەوە، بەڵام هەندێكی تریان وەک ئاریۆسییەت، هێزێكی گەورەی لێ پێكهات، كە وای كرد ئەنجوومەنی گشتی ببەسترێت لە ئیزنیق لەساڵی ٣٢٥ بەسەرۆكایەتی ئیمپڕاتۆر قوستەنتینی یەكەم و سەرەک قەشە ئۆسیۆسی قورتوبی. [٢٦].

ئەنجوومەنی ئیزنیق، بە یەكەمین ئەنجوومەن دانانرێت، چوونكە پێش ئەو ئەنجوومەنەش چەندین ئەنجوومەنی تر بەستراوە لەسەر ئاستێكی هەرێمیی كە زۆربەی جار سەرەک قەشەی ناوچەكە سەرۆكایەتی كردووە[٢٧]، بەڵام ئەنجوومەنی ئیزنیق یەكەمین ئەنجوومەنی گشتی بوو بەجۆرێ سەرەک قەشەكان لەسەرانسەری جیهانەوە بەشدارییان تێیدا كرد. ئاكامی ئەنجوومەنەكە ئەوە بوو كە ئاریۆس كافرە و قسەكانی بە هەرتەقە دانرا و قەدەغە كرا لەدوای ئەوەی ئاریۆس دەیگووت كە كوڕ دروستكراوێكی نا یەكسانە بە باوک[٢٨]،

ئایكۆنەیەكی بێزەنتی، تێیدا قوستەنتینی یەكەم دەردەكەوێت كە دەورەدراوە بە كۆمەڵێک لە بەترێک و سەرەک قەشە و كە بەهەموویان یاسای باوەڕیان بەدەستەوە هەڵگرتووە كە ئەنجوومەنەكە دای ڕشت.

ئەنجوومەنەكە هەروەها یاسای باوەڕی دانا كە تا ئەمڕۆش بەكاردێت. گرنگییەكی تری ئەم ئەنجوومەنە ئەوە بوو كە بۆ یەكەم جار لە مێژووی مەسیحییەتدا زاراوەی نا تەوراتی بەكارهێنا بەشێوەیەكی فەرمی، وەكوو: ڕووناكی لە ڕووناكی، خودای حەق هەڵقوڵاو لەخودای حەقەوە، لەدایكبوویەكی نادروستكراو؛ ئەم زاراوانەش لە فەلسەفەی ڕۆمانییەوە دەهاتن و چڕبوونەوەیەكی نوێ و سیفەتێكی نوێیان دا بە باوەڕی مەسیحی[٢٩]. ئەنجوومەنەكە سیستەمی پێنج بەترێكییەتی گەورەی دامەزراند و سیستەمی مامەڵەكردنیانی لەگەڵ یەكتردا دانا، هەر لەم چوارچێوەیەدا و لەو ماوەیەدا ئایینە بتپەرستەكان دەستیان بە كشانەوە كرد لەبەردەم مەسیحییەتدا. ئەو ماوەیەش بە كۆمەڵێک لە شەڕی ناوخۆیی خوێناو و پێچەوانەبوونەوەی بارەكاندا ڕۆیشت بەتایبەتی لە ئیمپڕاتۆرییەتی ڕۆمانی ڕۆژئاواییدا، بۆیە نەمانی ئاسایش بووە هۆی چەوساندنەوە ئایینییەكان[٣٠]، مەسیحییەت چەوساندنەوەی لەهەمبەر بتەپەرستیدا بەرپا كرد، ئەشتوانرێت ئەزموونی بەترێک ئەسناسیوسی ئەسكەندەری لە میسرِ بە نموونەیەكی ئەو دۆخە وەر بگرین[٣١]، كە پێشتر هەمان شت بەسەر مەسیحییەكانیشدا هاتبوو كاتێک كە ئیمپڕاتۆر جولیان مەسیحییەكانی چەوساندنەوە لەڕێگەی دەركردنی بایننامەیەک كە ڕێگەی لە فێركردنی مەسیحییەكان گرت لەساڵی ٤٦٢ دا كە ئەو كارە وەرزێكی تری بۆ چەوساندنەوەكان كردەوە[٣٢]، بەڵام لەلایەكی ترەوە ئاوەدانی مەسیحییەت و هونەری وێنەكێشانی ئایكۆنات و هەروەها مۆزیک گەیشتنە پلەیەكی باڵا لە كڵێسای سەدەی چوارەمی زایینیدا، ئەوەشمان لەبیر نەچێ كە ئەوەی جۆرج مینۆوا بە سوڵتانەكانی كڵێسا ناویان دەبات لەو سەردەمەدا دەركەوتن، هەروەكوو: باسیلۆسی گەورە[٣٣]، جێرۆم[٣٤]، ئیمبرۆسیۆس[٣٥]، یوحەننای دەم زێڕین[٣٦]، مارۆنی گەورە، سەمعانی عەموودی[٣٧]، ئەفرام سریانی[٣٨]، قەشە ئۆگەستین[٣٩]، زۆرینەی زۆری ئەو كەسایەتییانەش نازناوی پایەبەرزیان وەرگرتووە لە كڵێساوە.



لە پێناو تەواوكردنی كاری ڕێكخستنی ژێرخانی بەڕێوەبەرایەتی كڵێسا، ئەنجوومەنی یەكەمی قوستەنتینە بەسترا لە ساڵی ٣٨١ كە یەكێک لەكارەكانی ئیدانەكردنی ئەپۆلینارۆسی سەرەک قەشەی لازقیە بوو كە پێی وا بوو خودایەتی مەسیح رووی داوە بەهۆی ڕۆحە عاقڵەكەیەوە[٤٠]، پاشان لەدوای كەمتر لە نیو سەدە ئەنجوومەنێكی گشتی تر لە ئێفەسس لەساڵی ٣٤١دا گیرا، لەوێدا نەستووڕ قەدەغەكرا، كە پێی وابوو كە سیانەیەتی پیرۆز درووستە بەڵام ئەو كوڕەی لە ئەزەلەوە هەبووە، یەسووع نییە، بەڵكو ئەو كوڕە لە یەسووعدا گیرساوەتەوە لەكاتی ئاوەشۆڕەیكردنیدا، هەروەها نەستووڕ دەیگووت كە دوو كەس لە مەسیحدا هەبووە و مەریەمی بە دایكی مەسیح بانگ دەكرد نەوەک دایكی خودا[٤١]، بەهۆی ئەوەوە شوێنكەوتووەكانی تووشی چەندەها چەوساندنەوە بوون، پاشان لەدوای هەشت ساڵ و لەساڵێ ٤٣٩ دا ئەنجوومەنێكی دیكە لە ئێفەسس گیرا كە ئۆرسۆدۆكسییە ڕۆژهەڵاتییەكان بە ئەنجوومەنی دووەمی ئەفەسس ناوی دەبەن لەكاتێكدا كە كاسۆلیک دانی پیادا نانێن، بەگشتی ئەم ئەنجوومەنە بەسترا تا شێوەی باوەڕ دیاریی بكات وەک كۆتاییەک بۆ دیاریكردنی یەكێتی هەردوو سرووشتی مرۆڤبوونی مەسیح و خودابوونی مەسیح، پاشان پێشنیار و بیردۆزەكەی بەترێک سایرڵی یەكەمی ئەسكەندەرییە قبووڵ كرا، كە دەیووت كە ئاكامی یەكگرتنی هەردوو سروشتەكە یەک سرووشتە بەبێ تێكەڵ بوون بە خاسییەتەكانی یەكتتر. [٤٢]

بەڵام ئەم باوەڕە دژایەتی كرا لەلایەن ڕۆما و قوستەنتینەوە، كە هەردووكیان بانگێهشتیان كرد بۆ كۆتا ئەنجوومەن لەساڵی ٤٥١ زایینی دا كە

ئایكۆنەی كورسی دانایی لە ئایا سۆفیا لە ئەستەنبوڵ، ئەو كڵێسا سەرەكییە پێشتر ناوەندی ژیانی ئایینی بوو لە شارەكەدا.

بریتیی بوو لە ئەنجوومەنی خەلقیدۆنی كە دووبارە پەیوەندی بەترپریكییەكان بەیەكەوە ڕێک خستەوە و پێشنیارەكەی پاپا لیۆنی یەكەمی پەسەند كرد كە دەیگووت هەردوو سرووشتەكەی یەسووع لەگەڵ ئەوەی یەكیان گرتووە بەڵام تێكەڵ بەیەكبوون و ئەمەش شتێكە ناتوانرێت گوزارشتی لێ بكرێت چوونكە وەک یەكگرتنی ئاگر و ڕووناكی وایە[٤٣]، هەروەها ئەنجوومەنی ناوبراو بڕیارەكانی ئەنجوومەنی پێش خۆی هەڵوەشاندەوە و شەرعییەتی لێ سەندەوە و دانی پێدا نەنا، بۆیە شەقبوونی دووەم لە كڵێسادا ڕوویدا و خێزانەكانی كڵێساكانی ئۆرسۆدۆكسییەتی ڕۆژهەڵاتی لێ درووست بوو و ئەندامەكانی بڕیارەكانی ئەنجوومەنی خەڵقیدۆنی ڕەت كردەوە و قبووڵی نەكرد، سەرباری ئەمەش، هێشتا جیابوونەوەی كۆتای ئیداری ڕووی نەدا تا ساڵی ٥١٨ ی زایینی كاتێک كە بەترپریكی ئەنتاكیە ساویریۆس دابڕا بەهۆی ئەوەی لە سرووشتە یەكییەكان بوو[٤٤]، لەئەنجوومەنێكی خۆماڵیدا كە لەقوستەنتینە گیرا، ڕەتكردنەوەی بەترپرەكەكە بەدوایدا هات و چووە میسرِ كە لەوێدا بەشێكی لەكڵێسا بەڕێوە دەبرد لەكاتێكدا بەترپرەكی خەڵقیدۆنی بەشەكەی تری بەڕێوە دەبرد، بەهەمان شێوە ئەوەی لەئەنتاكیە ڕوویدا لە ئەسكەندەرییەش ڕوویدا[٤٥].

جەماعەتی یەک سرووشتی یاخود مۆنۆفیزۆن بنکەیەکی میللی بەهێزیان دروست کرد لە میسر، حەبەشە، ئەرمینیا و بەشێوەیەکی کەمتریش لە سوریا و بەدەست کۆمەڵێک لەچەوساندنەوەوە لەسەر دەستی ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتییەوە ناڵاندیان، بەڵام چەوساندنەوەکان بەهۆی حەزە ویستراوەکان و بەرهەمە فیکرییەکانەوە نەبوو بەڵکو بەهۆی ئەو شەقبوونە قووڵەوە بوو کە لەدوو لای ئیمپراتۆرییەتەکەدا روویدا بوو. ئیمپراتۆرە رۆمانییەکان هەڵوێستەیان روون نەبوو لەو نێوانەدا، بەجۆرێ کۆمەڵێک ئیمپراتۆر پاڵپشتییان لە بریارەکانی ئەنجوومەنی خەڵقیدۆنی کرد و هەندێکی تریان دژی وەستانەوە، ئەو کۆمەڵە ئیمپراتۆرە چەوساندنەوەیان دژ بە خەڵقیدۆنییەکان بەرپا کرد لە ئیمپراتۆرییەتەکەدا[٤٦]، ئیمپراتۆر جەستنیانی یەکەم هەوڵی یەکخستنی هەردوو لایەنەکەی دا و لەو پێناوەدا ئەنجوومەنی قوستەنتینەی دووەمی گرت لە ساڵی ٥٣٣ دا[٤٧]، بەڵام شکستی هێنا و بگرە بەرەو خراپبوونیش چوو کاتێ کە ئیمپراتۆرییەتی فارسی دەستتێوەردانی کرد و توانی لەسەرەتاکانی سەدەی حەوتەمدا سوریا و عێراق داگیر بکات[٤٨].

ئیمپراتۆر هەرقل توانی دووبارە ئەوەی لەدەست چووە لە ساڵی ٦٢٢ دا بیگەرێنێتەوە و بریاری بە بیروباوەرێکی نوێ دا کە مونۆسیلییەت بوو: دوو سرووشت لەیەک ویستدا، وەک چارەسەرێکی ناوەندی بۆ باوەرداران بە دوو سروشتی و باوەرداران بە یەک سروشتیی[٤٩]، بەڵام باوەرداران بە یەک سرووشتی ئەو باوەرە نوێیەشیان رەتکردەوە، کە ئەمەش دەرگایەکی نوێی لە چەوساندنەوە تووندەکان واڵا کرد، بەڵام زۆری نەخایاند بەهۆی هاتنی سووپاس ئیسلامییەوە لە نیمچەدوورگەی عەرەبییەوە، زۆرێک لە لێکۆڵەرەوان وای دەبینن کە مەسیحییە عەرەبەکان پاڵپشتییان کردووە لە رووداوی دەستبەسەردا گرتنەکەدا[٥٠]، بەتایبەتی غەساسینەکان و مەنازیرەکان، هەروەها مەسیحییە سریانییەکانیش هەمان شتیان پەیرەو کرد، وا دەگێردرێتەوە کە بەترپرەکی نەستوورپییەکان سەردانی مەدینەی مونەوەرەی کردووە و داوای لە عومەری کورپی خەتتاب کردووە کە پەلە بکات لەداگیرکردنی عێراق دا، لەکاتێکدا کە دانیشتوانی شارە سورییەکان لەسەر رووباری فورات دەرگاکانی شارەکەیان کردەوە بەرەو رووی دەستبەسەراگرە نوێیەکاندا. جەنگاوەرەکانی سووپای بێزەنتیش هەمان شتیان کردەوە لەشەری یەرمووک[٥١][٥٢]



لەساڵی ٦٨١، ئەنجوومەنی قوستەنتینەی سێیەم بەسترا، کە بریاریدا بە لەقەڵەمدانی مونۆسیلییەتەکەی هەرقل بە هەرتەقە[٥٣] و پەسەندکردنی پێشنیاری دووسرووشتیی و دوویستیی لە یەسووعدا؛ بەڵام لە رۆژئاوا بارودۆخەکە ئارامتر بوو، لەگەڵ چالاکبوونی بزووتنەوە مزگێنیدەرەکان لە بڵاوکردنەوەی مەسیحییەتدا لە باکووری فەرەنسا و ئەڵمانیا، هەروەها مەسحییەت گەیشتە ئینگلتەرا و ئیرلەندا لەسەر دەستی پایەبەرز پاتریک[٥٤]، پاشان لەسەدەی نۆیەمی زایینیدا مەسیحییەت گەیشتە روسیاش، ئەو ماوەیە بە بارودۆخی درووستبوونی وشکەسۆفیگەراییدا رۆیشت وەکوو دروستبوونی وشکەسۆفیگەلی بوندوکتیە و وشکەسۆفیگەلی ئۆگەستینیەت کە کاریگەرێکی قوڵیان لەسەر کۆمەڵگای رۆژئاوایی هەبوو، بەجۆرێ کە پەرستگاکانی وشکەسۆفییان بەتەنها بووبووە زانکۆ و قوتابخانەکانی ئەوروپا، پەرستگای وشکەسۆفی کلۆنی دەستی هەبوو لە رێکخستنی پەیرەوی ناوخۆی کڵێسا و دیاریکردنی دەوری سێکیولارەکان تیایدا.

کێشەکانی مەسیحییەتی رۆژئاوایی لەو سەردەمەدا خۆی دەبینییەوە لە کارەساتی سرووشتی و هەژارییەکی توند کە خەڵکی تیایدا دەژیان لە چوارچێوەی سیستەمێکی دەرەبەگی توند دا، ئەمە هاوشانی بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری[٥٥]، هەروەها رکەبەرایەتییە بەردەوامەکان کە بووە هۆی روودانی جەنگەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی پیرۆز و پاپاکان[٥٦]، ئەمە هاوشانی جەنگی ئایکۆنەکان کە ساڵی ٧٢٧ی

پاپا؛ شارلمان دەخاتە سەر تەخت. تابلۆی رەفائێل، کە دەگەرێتەوە بۆ سەدەی شانزەهەمی زایینی.

زایینی روویدا و بەهۆیەوە ئەنجوومەنی نیقییەی دووەم ساڵی ٧٨٧ بەسترا[٥٧]، لەسەر داوای ئیمپراتۆرییەی ئیرینی، تێیدا ئەو ئەنجوومەنە بریاری گەراندنەوەی ئایکۆنەکانی دا بۆ کڵێساکان پاش ئەوەی ئیمپراتۆر لیۆن بریاری شکاندنیانی دەرکردبوو.[٥٨]

بەدوای ئەودا لەساڵی ٨٠٠ دا پاپا لیۆنی سێیەمی چووە سەر تەختی پادشایەتی بە چوونی شارلمان بۆ سەر تەختی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی پیرۆز کە ئیدی لێرەوە پەیمانێکی نوێ کرایەوە بۆ پەیوەندییەکانی نێوان ئیمپراتۆرییەت و کورسی نێردراوی. لێکترازان و جیابوونەوەکان لە کڵێسادا نەوەستا تا ساڵی١٠٥٤ لێکترازانی گەورە روویدا کاتێ کە بەترپرکییەتی قوستنتینی جیابوونەوەی خۆی لە رۆما راگەیاند لەماوەی کۆچی دوایی پاپا لیۆنی نۆیەم دا[٥٩]، ئەگەرچی ئەم جیابوونەوانە لە مەودایەکی ئایینی دا بوو، بەڵام بەدەر نەبوون لە پاڵنەرە سیاسی و ئابوورییەکان:

بانگهێشتە فیکرییەکان کە دەستیان پێ کرد لە سەدەی چوارەمەوە و بناغەیەکی میللی بەهێزی دروووست کرد، تەنها بیرێکی قوتابخانەیی خۆشگوزەرانەی فکری نەبوون، بەڵکو هەڵگری کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جووڵێنەری ئەو جەماوەرە بوو؛ بێزەنتییەکان دەسەڵاتیان بەتاکگەرایی سواغ دابوو و خەڵکیان هیلاک کردبوو بە لێوەرگرتنی باج و پیتاک لێیان و هیچ بیریان لە بارودۆخی خەڵک نەدەکردەوە، بەجۆرێکیش زۆرجار لێبووردەتر بوون لەگەڵ بتپەرستەکان وەک لە مەسحییەکانی تر، لە بارودۆخێکی وەهاشدا گفتوگۆ و دەماقاڵێی ئایینی تەنها سووچی هەناسەی رۆشنبیران بوو بۆ راوەستانەوە لەهەمبەر دەسەڵاتدا.



ئەو بیرە فەلسەفییانەی کە لەپشت لێکدانەوەی سرووشتی مەسیحەوە دروووست بووبوون و چۆنییەتی مامەڵەکردنی خەڵک لەگەڵیدا، کاردانەوەیەکی نەتەوەیی بوو لەهەمبەر دەستبەسەرداگرتنی بێزەنتی و ماسکێکی ئایدیۆلۆجی هاوچەرخی کردبوو دەم و چاو، یاخود بە واتایەکی تر، ئایینی کردبووە ماسکێک بۆخۆی.[٦٠]

سەردەمی باوەر و سەردەمی رابوون (١٠٥٤ تا ١٤٩٢)؛ (١٤٩٢ تا ١٦٣٣)

وتارە سەرەکییەکان: دەوڵەتی پاپایی, شەرە خاچپەرستییەکان, سەردەمی رابوون, ڤاتیکان, یەسووعییەکان, پرۆتێستانت و مارتن لووتەر

سەربارى لێکترازانی نێوان رۆما و قوستەنتینە بەڵام سەرکردارێەتی کردنی جیهان لەلایەن مەسیحییەتەوە جێگیر کرا لەسەر دەستی رۆما، ئیمپراتۆرییەتی بێزەنتی سەرقاڵی کێشە بەردەوامەکانی خۆی بوو لەگەڵ دەوڵەتی عەبباسی[٦١]، مەسیحییەکانی سوریا و میسریش دەیانناڵاند بەدەست چەوساندنەوە توندەکان لەسەر دەستی هەندێک لە خەلیفە وەکوو ئەلموتەوەکیل عەلەلڵای عەبباسی و ئەلحاکم

بیئەمریلای فاتیمی[٦٢]، تەنگەژەی فیکریش کە هاوشانی تەنگەژەی ئابووری و گەشەسەندنی دەمارگیری ئایینی دەڕۆیشت لەسەردەمی مەئموونـدا وای کـرد هەموو نوێکـارییەکی زانستی لە دەوڵەتـی عەبباسیدا بۆ هەردوو مەسیحییەکان و موسوڵمانەکان کارێکی گران بێت[٦٣]، لەگەڵ ئەوەشدا سریانییەکان و نەستووریییەکان شوێنی دیاریان هەبوو لە وەرگێڕان و زانستەکان و گەردونناسی و پزیشکی دا و خەلیفەکان پشتیان پێ دەبەستن[٦٤].

دەسەڵاتی کڵێسا لەسەدەکانی ناوەڕاستدا تەنها دەسەڵاتێکی ئایینی نەبوو، بەڵکو دەسەڵاتێکی دنیاییش بوو، ئەمە خۆی دەبینییەوە لە دەوڵەتی پاپاییدا کە ئەرکانەکانی جێگیر بوون لەسەدەی پانزەهەمی زاییینیدا، هەروەها خۆشی

## دروستکردنی ئادەم: بەناوبانگترین ئایکۆنەکانی مایکلانجیلۆ کە سەقفی کڵێسای سیستینی ڕازاندۆتەوە لە ڤاتیکان.

دەبینییەوە لەو گەمە سیاسییەدا کە تێیدا پاپا ڕۆڵێکی سەرکردانەی گێرا وەکوو ناوەندێک لەنێوان پادشا جیاوازەکانی ئەورووپادا[٦٥]، بەجۆرێ کە هێزی سیاسیی کڵێسا، بەدەر لە باری گەنیوی مەسیحییەکان لەڕۆژهەڵات، هاوکات ئارەزووی میرەکانی ئەوروپا بۆ پانکردن و گەورەکردنی موڵک و ماڵەکانیان و ڕاوەستان لەیەکتر کوشتنی ناوخۆیی، باری ڕەخسان بۆ لەدایکبوونی شەڕەکانی خاچپەرستی کە پاپا ئۆربانۆسی دووەم لەساڵی ١٠٩٤ بانگهێشتی کرد بۆ ڕوودانی لەماوەی ئەنجوومەنی کلیرمۆنت لەباشووری فەڕەنسا[٦٦]، دەستپێکیش کرا بە یەکەمین شەڕی خاچپەرستی کە تێیدا توانرا دەرکەناری سوریا دەست بەسەردا بگیرێت لەگەڵ لوبنان و فەڵەستین و هەندێک ناوچەی تورکیا و ئەردەن و میسر.

بەڵام دووەمین شەڕی خاچپەرستی وەڵامێک بوو بۆ کەوتنی ئەلرەها[٦٧]، سێیەمین شەڕی خاچپەرستییش وەڵامێک بوو بۆ کەوتنی قودس[٦٨]، ئیدی هەموو شەڕەکانی تر کاریگەرییەکی کەمیان هەبوو، بۆیە لەچوارەمین شەڕی خاچپەرستیدا قوستەنتینە داگیر کرا، لەشەشەمین شەڕی خاچپەرستیش دا تونرا قودس بۆ ماوەیەکی تر بەدەست بهێنرێتەوە[٦٩]، لەکاتێکدا کە سەرتاپای هەڵمەتەکانی تری خاچپەرستی ڕووی کردبووە میسر، بەڵام نەیتوانی تیایدا بەردەوام بێت، سەردەمی خاچپەرستی تەنها سەردەمی ململانێیەکی بەردەوام نەبوو، بەڵکو ماوەی یەکگرتن و تێکەڵبوون و کردنەوەی شارستانی نێوان هەردوو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا بوو[٧٠]

دوایین موڵکەکانی خاچپەرستەکان لە ڕۆژهەڵات کەوت بە کەوتنی عەککا لەساڵی ١٢٩١ و شەڕەکانی بەدەستهێنانەوەی ئەندەلووس دەستی پێکرد[٧١]، کۆتایش نەهات هەتا کەوتنی غەرناتە ساڵی ١٤٩٢[٧٢]، پەیوەندییەکانیش لەگەڵ ئەندەلووسدا هەمیشە پەیوەندی جەنگ نەبوو، بەڵکو ئەوروپا و ڕۆشنبیرانی ئاشنا بوون بە فەلسەفەی یۆنانی و ڕۆمانی و نووسینەکانی ئیبن ڕۆشد و ئیبن خەلدوون و نووسەرانی تر؛ لەڕێگەی ئەندەلووسەوە، کە بووە هۆی بزووتنەوەیەکی گەشەسەندنی زانستی چالاک کە کڵێسا سەرکردایەتی دەکرد:

سەرەک قەشەکان و سەرگەورەکانی پەرستگای وشکەسۆفییان و پیاوانی ئایینی و تەنانەت پاپاش نابەدڵ نەبوون لە تکاکردنیان لە ئیغریقییە بتپەرستەکان، و لەو یەهوودیانەی کە خودایان کوشت[٧٣]، و موسوڵمانە بێ باوەڕەکانیش[٧٤]

ئەو هەموو ڕۆژییەی کەبەسەر ئەورووپادا باری بوو لەدوای سەرکەوتنی گرتنەوەکانی ئیسپانیا، یارمەتی دا تا باری ئابووری باشتر ببێت[٧٦]، ئەم دۆخە لەهەمان باردا بوو بەدرێژایی دۆزینەوەی جیهانی نوێ لە١٤٩٢ دا کە لەگەڵ خۆیدا سەردەمی ڕابوونی کردەوە لەئەورووپادا و سەردەمی مزگێنیدانی کردەوە لە ئەمەریکا؛ زۆرجار هەڵمەتەکانی دۆزینەوە بە پیرۆزکردنی ڤاتیکان ڕوویدەدا. ڕۆما و فلۆرێنسیا و جەنەوا بوونە یەکەمین پایتەختەکانی ڕابوون[٧٧]، کە زۆر بەخێرایی ئەورووپای گرتەوە، بەگشتیش شێوەی زانکۆکان و قوتابخانەکان و نەخۆشخانەکان و یانە ڕۆشنبیرییەکانی وەرگرت، لەژێر سەرکردایەتی کڵێسادا چەندەها زانست گەشەی سەند وەکوو: گەردووونناسی[٧٨]، بیرکاری[٧٩]، ئیتیمۆلۆجی[٨٠]، فەلسەفە[٨١]، ڕەوانبێژی[٨٢]، پزیشکی[٨٣]، توێکاریزانی[٨٤] و فیزیا بەتایبەتی ئەرستۆیی[٨٥] و فیزیای میکانیکی بەتایبەتی پێداویستییەکانی جەنگ[٨٦] و کیمیا و جوگرافیا و زانستی گیانەوەران و ڕووەک[٨٧]، ئەمە هاوشانی هوونەری تەلارسازی کە گەیشتە بەرزترین ئاست لە سەردەمی ڕابووندا، کاتدرائییەتییەکانی ئەو سەردەمە بەتایبەتی کاتدرائییەتی پایەبەرز بوتڕوس و کۆی تەلارەکانی ئەو سەردەمەی ڤاتیکان نموونەیەکی حاشاهەڵنەگرن لەسەر ئەو بابەتە و دەست کرا بە دروستکردنی ڤاتیکان لەساڵی ١٥١٣[٨٨]، هەروەها هوونەری وێنەکێشان و داتاشین کەوتە چالاکی و لەو سەردەمەدا دیارترین هوونەرمەندان دەرکەوتن وەکوو: لیۆناردۆ داڤینشی، مایکلانجیلۆ، رافائێل و چەندینی تر.[٨٩].

لەسەر ئاستی باوەڕی کڵێساییش، هاوشانی گەشەسەندنی زانست، تقووسی کڵێسا و باوەڕە مەسیحییەکان ئاوەزێنران، بەو جۆرە تیۆرەکەی ئەرستۆ سەبارەت بە جەوهەر و شێوە بووە بنەمای ئەفخارستیا، تۆماس ئەکویناس، زانای لاهووتگەر و فەیلەسووف، بووە



ئایکۆنەی شێوەگۆڕین لەلایەن ڕافائێلەوە: بەوەچەرخانێکی گەورە لە مێژووی وێنەکێشاندا لەسەردەمی ڕابووندا دادەنرێت.

دەروازەیەک بۆ یەکخستن و ڕێکخستنی بیروڕاکانی نێو مەسیحییەت لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەدا، بۆیە تەنانەت دووەمین ئەنجوومەنی ڤاتیکان لە سەدەی بیستەمدا دانی پێدا نا[٩٠]، تا سەدەی پانزەهەمی زاییینی پێنج ئەنجوومەن بەستران، چواریان لە لاتران بەستران و ناو دەبرێن بە ئەنجوومەنە لاترانییەکان، لەکاتێکدا کە پێنجەمیان لە کۆنستانس بەسترا و کۆتایی بە لێکترازانی پاپاوی هێنا.

سەرچاوە : ماڵپەری ویکیپیدیا




## بەفرانبار ٢٧١٢ کوردی Befranbar

| شەممە | یەک شەممە | دوو شەممە | سێ شەممە | چوار شەممە | پێنج شەممە | هەینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ 22 | ٢ 23 | ٣ 24 | ٤ 25 | ٥ 26 | ٦ 27 | ٧ 28 |
| ٨ 29 | ٩ 30 | ١٠ 31 | ١١ Jan 1 | ١٢ 2 | ١٣ 3 | ١٤ 4 |
| ١٥ 5 | ١٦ 6 | ١٧ 7 | ١٨ 8 | ١٩ 9 | ٢٠ 10 | ٢١ 11 |
| ٢٢ 12 | ٢٣ 13 | ٢٤ 14 | ٢٥ 15 | ٢٦ 16 | ٢٧ 17 | ٢٨ 18 |
| ٢٩ 19 | ٣٠ 20 | | | | | |

سلێمانی

ڕەحمان نەقشی

گۆڤاری ئینتێرنێتی یەکبوون گۆڤارێکی سەربەخۆیی مانگانەیە. لە ئامادە و بڵاو کردنەوە : ڕەحمان نەقشی

r_ neqsi@yahoo.ca